
# ناسیۆنالیزمی شیعر:

## لە خود-ئاگاییی نەتەوایەتییەوە بەرەو نێوانخودێتی سیاسیی کوردی

د. ئیدریس شێخ شەرەفی



توێژینەوەی ئەکادیمی

کتێبی ژنەفتن

٢٤

# ناسیۆنالیزمی شیعر:

## لە خود-ئاگاییی نەتەوایەتییەوە بەرەو نێوانخودێتی سیاسیی کوردی

د. ئیدریس شێخ شەرەفی

توێژینەوەی ئەکادیمی

د. ئیدریس شێخ شەرەفی

# ناسیۆنالیزمی شیعر

## لە خود-ئاگاییی نەتەوایەتییەوە بەرەو نێوانخودێتی سیاسیی کوردی

د. ئیدریس شێخ شەرەفی

توێژینەوەی ئەکادیمی

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: ناسیۆنالیزمی شیعر
نووسینی: د.ئیدریس شێخ شەرەفی
بابەت: توێژینەوەی ئەکادیمی
دیزاینی: گەیلان عەبدولڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، کانوونی دووەمی ٢٠٢٦
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
١٣٥ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

# پێرست

پوختە........................................................................ ١٠

پێشەکی:..................................................................... ١٣

1-گرفتی توێژینەوە:......................................................... ١٥

2-گریمانەی توێژینەوە: ..................................................... ١٥

3 -سنووری توێژینەوە:...................................................... ١٦

4-گرنگی توێژینەوەکە:..................................................... ١٧

5-میتۆدی توێژینەوە:........................................................ ١٧

1 -خود-ئاگایی self consciousness و چوارچێوەی زمان................................................... ١٨

1-1- کێشەی زمان و ئاگاییی خودی.............................. ١٨

1-1-1 -زمان و خودێتی.......................................... ١٩

1-1-1-1-زمان و ئاگایی.......................................... ١٩

1-1-1-2- کێشەی فەلسەفەی خودی.............................. ٢٣

1-1-2 -شیعر وەک دەرکەوتەی زمانییانەی خود-ئاگایی........................................................... ٢٦

1-1-2-1-شیعر و قاڵبی ئامادە...................................... ٢٦

1-1-2—2- شیعر و بیر..................................................٢٩

1-2 -ناسیۆنالیزم وەک ڕاڤەی خودی نەتەوە................٣٢

1-2-1- ناسیۆنالیزم و ڕۆنانی نەتەوە............................٣٢

1-2-1-2- "ویست" و "خودی" نەتەوەیی:......................٣٤

1-2-1-3- شوناس و زمانی نەتەوە...............................٣٦

2- دیوانی ناسیۆنالیزمی شاعیرانەی کورد......................٣٩

1-2 -خـــانـــی و حـــاجـــی لەبەردەم پـــرۆژەی دەوڵەت/نەتەوەدا..................................................................٤١

2-1-1- خانی و گوتاری دەوڵەتسازی............................٤١

2-1-1- 1- ئەگەر" و مەرجەکانی دەوڵەتی خانی..........٤٢

2-1-1-2- خانی و بەرهەمهێنانی سیمبۆلی نەتەوەیی.٤٥

2-1-1-3- خانی و "ئەگەری" بە سیاسیکردنی زمان....٤٨

2-1-2-  حاجی: نەتەوە/دەوڵەتێکی پایەدار....................٥١

2-1-2- 1- هاوبەشەکان و نەتەوە...............................٥٤

2-1-2- 2- جوگرافیای خەیاڵکرد:.................................٥٧

2-1-2- 3- نەتەوە-دەوڵەتی حاجی...............................٥٩

2-1-2- 4- شیعر و قاڵبەکانی بیرکردنەوە..................٦٢

2-2 -لە گوتـاری دەوڵەتەوە بۆ چەمکی نیشـــتمـان و وەتەن...................................................................................٦٦

2-2-1- ئەحمەد موختـاری جـاف: نیشـــتمـانپەروەی دونیاگەرا (عەلمانی)..............................................................٦٦

2-2-1- 1- جوگرافیای خەیاڵکرد و گەشەی کورد:....٦٨

2-2-1-2- خەیاڵی زانست و لێکبەستنی میللەت:..........٧١

2-2-1-3- ئەحمەد لە نێوان شۆڕش و نیهیلیزمدا.........٧٣

2-2-2 -قانع لە چاوەڕوانی "شۆڕش"ێکی ڕادیکاڵدا.......٧٦

2-2-2-1- خود و ئەوی تر.............................................٧٦

2-2-2-2-لە نێوان نەتەوە و چینەکان............................٧٨

2-2-2-3- جوگرافیای خەیاڵکرد و کۆلاژی مێژوو.......٨٠

2-2-2-4- شیعر و نیهیلیزم...........................................٨٣

2-3 -پەڕینەوە بەرەو کردە و فەلسەفەی نێوانخودی....٨٥

2-3-1-تەوەری یەکەم: بـێـکەس.. پـراکســـیـس و بەرەنگاری.............................................................................٨٥

2-3-1-1- میللەتی پارچەکراو و کردە...........................٨٦

2-3-1-2- جەهل و دیلبوون...........................................٨٩

2-3-2-لە ئاگاییی خودی و شـیعرییەوە بۆ سـیاسـەتی نێوانخودی..............................................................................٩٣

2-3-2-1-دەرچوون لە سیاسەتی شاعیرانە.................٩٤

2-3-2-2- زمان و نێوانخودێتی نەتەوە.......................٩٩

2-3-2-3- بەرەی نێوانخودێتی کوردی.......................١٠٥

دەرەنجام.....................................................................١٠٩

سەرچاوەکان.................................................................١١٦

**پوخته**

ناسیۆنالیزمی شیعر تێزێکە سەبارەت بە دەرکەوتنی خود-ئاگاییی سیاسیی کورد لە مێژووی هزردا، لە پێناو مانابەخشین بە بوون و شوناس لە چوارچێوەی وێنای دەوڵەت/نەتەوە بەرەو نیشتمان یان کیانێکی ویژدانی. شاعیرانی پێشەنگی ئەم ڕەوتە (**خانی، حاجی، ئەحمەد موختار جاف، قانع و بێکەس**) دامەزرێنەری ئاگاییی خودی و پرۆژەی بە سیاسیکردنی زمانن، هەوڵیان داوە دەستکاری ئەو واقیعە بکەن کە وەک حەقیقەت دەرکەوتووە. لە دیدی ئەوان دۆخی سیاسیی کورد بەرهەمی گوتاری سیاسیی دەسەڵاتی زاڵی "ئەوانی تر"ی سەر کوردستان بووە. لەم سۆنگەیەوە لە میانی پرۆژەی شیعری سیاسیی نەتەوەیی و ئاوێتەیەک لە کۆلاژی ئەفسانە و مێژوو و جوگرافیایەکی خەیاڵکرد، بنەڕەتی ئاگاییی کوردیان داڕشتووە. ئەمە ئەگەرچی ئاگایی بووە سەبارەت بە سەردەم و زەمەن و بوونی سیاسییانەی کورد لە مێژوودا، بەڵام هاوکات ئاوێتەی کێشەی فەلسەفەی خود philosophy of subject بووە. واتە

ئیشـکالیەتی سـەرەکی لە ڕەوتی ڕۆنانی نەتەوە، گیرخواردنیەتی لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاگایی بەو جۆری لە فەلسـەفەی ڕەخنەییی (**یورگن هـابرمـاس**)دا تیۆریزە کراوە، کە تێیـدا خود دەکەوێتە ڕامان و ڕاڤەی خۆی و جیهان و بەرەو مۆنۆلۆگ و داخران دەچێـت. لە کۆنتێکسـتی کوردیدا کاتێ ئەمە لە ڕێگەی زمانی شـیعری و تەکنیک و فۆڕمی ئامادە ئەنجام دەدرێت، کێشەکە ئاسـتێکی بالاتری ئالۆزی بەخۆیەوە دەگرێت و دەشـێت بیر لەقالب بدات و حوکمی پێشـوەختە ناوەڕۆکەکەی بجوولێنێ. بەم جۆرە پەیوەندیی نێوان زمان و ئایدیا و واقیع تووشـی شـێوان دەکات. بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە، فەلسـەفەی نێوانخودێتی دەرچەیەک بۆ پەڕینەوە بەرەو سـیاسـەتێکی ئەلتەرنـاتیف دەکـاتەوە کە ئەرگۆمێنتخوازی و زمـانی هـاوبەش و دیـالۆگ بنەڕەتەکەیەتی بە ئاراسـتەی کردە و شـۆڕش و دەرچوون لە ئەمری واقیع.

پڕۆژەی ناسیۆنالیزم کە هەمان دروستکردنەی نەتەوە و دەوڵەتە، لە کۆنتێکستی کوردیدا بەهۆی داخرانی بیـاڤی نێوانی inter و کـامڵنەبوونی

پرۆسسی بەسیاسیکردنی هاوبەشەکان و ویستی ئـازادیی خودەکـان، لە جیـاتی "بەرەی یەکبوونی نەتەوەیـی" کە دوائـامـانـجـی بـونـیـاتـنـانـی نەتەوە/دەوڵەتە، بە ئاراستەی حزبی دەسـەڵاتگەرا چووە کە کوردی لە ڕووی شـــوناس و ئینتماوە زیـاتـر پـارچە پـارچە کـردووە، ئەمەش وەک واقیعگەرایی لێـک دراوەتەوە، نەک دەرکەوتنی واقیع لە ئاگاییدا.

**پێشەکی:**

ناســـــیۆنالیزم هەم بەرهەمی مەعریفەیە و هەم ئەکتێکی سیاسییە بۆ دروستکردنی گوتارێک لە دەوری چەمکی نەتەوە. ئەم گوتارە لە کۆنتێکستی ڕۆژئـاوادا خـاوەن هەنـدێ توخمی تـایبەت بە خۆیەتی کە وا دەکات دواجار لە دەوڵەت/نەتەوەدا بگاتە ئاسـتێکی باڵا، بەڵام ئەمە دەرکەوتەکانی لە کولتووری سـیاسـی گەلانی تر جودایە، هەربۆیە دەبێ ســـەرنج لە توخمە پێکهێنەر جیاوازەکانی بدرێت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕەوتی دەرکەوتنی خود-ئـاگـاییی نەتەوەیی کە کرۆکی ئـاگـاییی هەمەکی بزووتنەوەی ســـیاســـیی کوردە شـــی بکرێتەوە، بە تـایبەتی کـاتێ ئەم ئـاگـاییە لە بنەڕەتدا لەســـەر شـیعر دامەزراوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خەیاڵدانی کورد هەیە. لێرەدا زمـان وەک بنەڕەتی ئـاگـایی، ڕۆڵی ســـەرەکی دەگێڕێت لە هەڵپێکـان و گەشـــەی نەتەوەدا. لە دیوانی نـاســـیۆنـالیزمی کوردی یـان پۆیەتیکـا نـاســـیۆنالیزم poitika Nationalism، خودی شـاعیر دەبێتە ناوەندی بیرکردنەوەیەک کە لەناو

خۆی و لە چوارچێوەی قافیە و دێڕە شیعرەکاندا دەردەکەوێت؛ دەیەوێت گوزارشت لە یەکەیەکی مرۆیی بکات و وێنایەکی یەکانگیر و هاوتای سیاسی و کولتووری لێ دروست بکات.

ئەگەر لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە ڕووی مەعریفییەوە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی لە ڕۆژئاوا، لێ ئەم چوونیەکییە لە سەرەتا نەبووتە هۆی هاوتایی لە دەرەنجامەکان و کورد بە پێچەوانەی نەتەوەکانی تر نەیتوانی لەسەر بنەمای ئایدیای ناسیۆنالیزم دەوڵەت/نەتەوەی خۆی دروست بکات. خاڵی جیاواز و جەوهەریی پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی کورد کە وادەکات سیمایەکی تاقانە بەم ڕەوتە ببەخشێت، چەقبەستنیەتی لە ناو "شیعر" و "گوتاری شیعری"دا. لێرەدا ئەوەی دیزاینی ئاگایی و ناخود-ئاگای تاکی کوردی کردووە و بووەتە هۆی ئەفراندنی "شوناس"، دیدگای شاعیرانی کورد بووە بۆ "سوبێکت -الذات" یان "خودی" کوردی. کاتێ ئەمە لەگەڵ چەمکی سیاسەتدا ئاوێتە دەبێت، ڕەنگڕێژی ڕەوتە سیاسییەکە دەکات. بەڵام بە هۆی شێواوی گوتاری سیاسی

بۆ "خود" لە پرۆسەی گەیشتن بە "نەتەوە" و یەکانگیری، نەیتوانیوە بگاتە دوائامانجی خۆی.

## 1-گرفتی توێژینەوە:

ئەگەر خودی نەتەوەیی وەک لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاگایی یان سوبێکتدا سەیر بکەین و لە دووتوێی دیوانی شیعردا بەداوی ڕاڤەی نەتەوەییدا بگەڕێن کە بنەڕەتی ئاگاییی سیاسیی کوردە، ئەوا بەپێی ئەوەی ئەم خودە، بە تەنیا خەریکی ڕامان و ڕاڤەی خۆیەتی بەرەو ناسیبوون دەچێت و ڕێگەی دەرچوون هەنگاونانە بەرەو کردە یان پەیوەندیی نێوانخودی intersubjectivity کە هەمان سیاسەتی ڕادیکاڵە.

## 2-گریمانەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات شاعیرانی کورد هەر لە سەدەی حەڤدەوە نوێنەرایەتی پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، ئەم

پڕۆژەیە سەرەڕای کاریگەربوونی لە سەر ئاگاییی کۆیی لە قۆناغە جیاوازەکاندا و سەرەڕای دەوڵەمەندبوونی بە هۆی بەسەنتەرکردنی "پرسی زمان"، بەڵام لە سنووری مۆنۆلۆگ یان یان خودسەنتەری دەرباز نەبووە و هەر بۆیە نەبووە بە سیاسەت بە مانای دیالۆگی بەردەوامی نێوانخودەکان.

## 3- سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکە شیعری سیاسیی شاعیرانی کورد (ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و ئەحمەد موختار جاف و قانع و فایەق بێکەس)ە وەک نموونەی دیار و باڵای پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئیشکالیەتی پرۆژەی بونیادنانی دەوڵەت و نەتەوە. دیارە گەلێک شاعیری دیکەش لەم بوارەدا بەرهەمیان هەیە کە یان ناکەونە سەردەمی ناسیۆنالیزم یان هزریان هاوتا و تەواوکاری ئەمانە.

## 4-گرنگی توێژینەوەکە:

ناســـیۆنالیزم و پرۆژەی بونیاتنانی نەتەوە بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی گەورەی بێـدەوڵەت لە جیهانـدا، ئەگەر قووڵایییەکی هزری پێ بـدرێت، هەم ئاســـتی ئاگاییی تاکی کورد بەرز دەبێتەوە، هەم زمانی گوزارشتکردن لە خۆی گەشە دەکات. ئەفرانــدنی نەتەوە کرۆکی دەوڵەت پێکـدێنێ و بەردەوام گرنگی زانسـتی و کردەییی خۆی هەیە، ســـەرەڕای بەگوندبوونی جیهان لە ســـەردەمی گلۆبالیزەیشــندا، بەڵام لە جیهانی سـیاسـەتدا لە ســـەر ئاســـتی دەرەکی ئەوەی قســـەی کۆتایی دەکات دەوڵەت/نەتەوەکانن و لەســـەر ئاســـتی ناوەکیش هەم کولتووری باڵا و هەم شـــوناس دەخوڵقێنێت.

## 5-میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێـت میتۆدی شـــیکاری- ئاوێتەیی و میتۆدی شـــیکردنەوەی گوتار بەکار بهێنرێت و بە پشـبەسـتن بە تیۆریی کردەی پەیوەندیکاری یورگن هابرماس theory

of communicative action و ڕوانگەی بۆ نێوانخودێتی هەوڵی شـــیکردنەوەی خودی نەتەوەیی دەدرێت.

## 1- خود-ئـاگـایی self consciousness و چوارچێوەی زمان

### 1-1- کێشەی زمان و ئاگاییی خودی

پەیوەنـدیی تێکچڕاژاوی نێوان زمـان و ئـاگـایی، پێویســتی بە وردبوونەوە هەیە، بە تایبەتی کاتێ ئەم ئاگاییە دەرکەوتەیەکی گرنگی هەیە بە ناوی ئاگاییی نەتەوەیی. دەشێت بەم پێناسە سەرەتاییە دەست پێ بکەین کە پێی وایە زمان سیستەمێکی عورفیی ســیمبۆلە دەنگییەکـانە کە خەڵـک بۆ پەیونـدیکردن بەکـاری دێنن. (انیس، ١٩٧٠، ١١) لێرەدا هەم عورف و هەم پەیوەندی، جۆرێک لە سـیسـتەم و سـیمبۆل دروسـت دەکات و دواتر کۆدەنگی لەسەر دروست دەبێت وەک ڕایەڵەیەک بۆ لێکتێگەیشتن. بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەشێت

بێتەئارا ئەوەیە کە ئایا ئەم ڕایەڵە خۆی پێدراوێکی سەربەخۆیە یان بەشێکی دانەبڕاوە لە جیهانی هۆشەکی تاک؟

## 1-1-1- زمان و خودێتی

### 1-1-1-1-زمان و ئاگایی

لە دیدی هیگڵ زمان بنەمای شێوازی مەعریفەیە، لە چوارچێوەی ئاگایی و زمانی ڕۆژانە دەست پێ دەکات، فۆرمەکانی هزر کە هەمان لۆژیکە لە بنەڕەتدا لە زماندا دەردەکەوێت. (هیجل،٢٠٠٧، ٨٥) واتە شتەکانی دەرەوە کە هەمان واقیعە، وەک وێنە خۆی دەنوێنی و کاتێ فۆرم و دواتر دەنگ وەردەگرن، دەبن بە زمان. هەر بۆیە «زمان ڕەنگدانەوەی بابەتە لە ئاگاییدا». (بیگلو، ١٣٩٧، ٥-٨) لێرەوە ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەی هیگڵ دروستی دەکات لەنێوان چوارچێوە هزرییەکان کە دواتر سیستەمی زمانە دروست دەکات، زانین بەرهەم دێنێ کە لە هەناوی خۆیدا ئاگایی هەڵگرتووە. لێرە دا زمان و ئاگایی دەبن بە بناغەی دەرکەوتنی واقعیەت،

ئەوەی لەجیهـانـدا دەردەکەوێـت لە ڕاســـتیـدا دەرکەوتنیەتی لە زماندا لە ئەبســتراکتترن فۆڕمی خۆیدا و هەر ئەوەشـــە مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە جیهاندا وەک هەبوویەک کە هەر بەرهەمی خودی زمانە. لەم سـۆنگەیەوە ئیدی زمان و ئاگایی تەنیا ڕایەڵـی پەیـوەنـدی نـیـن، بەڵـکـوو ڕۆڵـێـکـی مانابەخشـیان هەیە، کە وا دەکات مرۆڤ بوون و شوناسی خۆی دیاری بکات.

هۆســـرڵ (١٨٥٩-١٩٣٨) ڕەهەندێکی قووڵتر بە پەیوەندیی نێوان مانا و زمان و بیر دەدات و پێی وایە «"پەیوەنـدی" و "مـانـا" لێکجیـان و زمـان بەرەنجـامی کردەیەکی زیهنی خودییە». (فرجی، ١٤٠١، ٣٠٩-٣١٠) لـێـرەوە "خـود"ی مـرۆڤ لە بەرانبەر "بـابەت" دەرەوەی مرۆڤ، کە هەمـان جیهانە ئەولەویەت وەردەگرێت. هۆسرل ڕای وایە ئاگایی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان خود "ئۆیسیس" واتە کردەیەک کە مانا دروســـت دەکات و بابەت "نۆیما" واتە خودی مانا، و ئاگایی بەردەوام ڕێکی و نەزم بەم شتانە دەبەخشێ. (welton,1999,8) هەر بۆیە لای ئەو ئاگایی ســـەنتەری بیرکردنەوە و ئەمەش واتە پەیـوەنـدیـی نـێـوان "خـود" و

"ئەزموون" کە لە ئاگاییدا دەردەکەوێت، "ئاگایی"ش واتە هۆشیاربوون سەبارەت بە شتێک یان بابەتێک، کە لای تاکێکی خود-ئاگا دەردەکەوێت، هەر بۆیە لای هوسرڵ «بونیادی خود-ئاگایی قوولْترە لە بونیادی عەقڵ و هەست، کاتێ ئاگایی بە ئاراستەی شتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دەچێت یان دەیاننوێنێتەوە». (اسمیت، ١٣٩٤، ٣١) ئەمەش نەک لەناو جیهان بەڵکوو لە ناو زەمەندا ڕوو دەدات. (هوسرل، ٤٨٦)

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە خودی مرۆڤ بەبێ مانا و دواتر کردە یان پەیوەندی مانادار ناتوانێ گوزارشت لە شوناسی خۆی بکات و بگات بە پلەی خود-ئاگایی و ئەمەش وجودی خودی مرۆڤ دەخاتە ژێر هەڕەشەوە. هەر بۆیە میشێل فۆکۆ (١٩٢٤-١٩٨٦) جەخت دەکاتەوە کە پەیوەندیی قووڵ لە نێوان "ئاگایی" و "خود" هەیە کە لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبێت، کە خۆی لە چوارچێوەی گوتاردا دەردەخات و پێی وایە «زمان سەبارەت بە هەموو مەعریفەیەک پێگەیەکی سەرەکی هەیە و ئەستەمە شتەکانی ئەم جیهانە دروست بکرێت بە بێ زمان». (فوکو،

۱۹۹۰، ۲٤۷) ئەمەش واتە زمان کاریگەری لەسەر دیزاینی واقع و شتەکانی جیهان هەیە، بە جۆرێک لە پەیوەندیی نێوان واقع و زهندا ئەولەیەت بە زهن دەدات کە ڕێکخستن و نەزمی شتەکان و پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان ڕێک دەخات. لێرەدا "بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی" دەکەوێتە ژێر کاریگەریی "زمان و هزر" یان زهنی مرۆڤەکان کە بەناو تانوپۆی مێژوودا شۆڕ دەبێتەوە هەر وەک چۆن سێرڵ باسی یەکێتیی نێوان "دەرکەوتە appearance" و "واقیعreality " دەکات و پێی وایە ئاگاییی بوونناسانەی خودییە نەک بابەتی. (ذاکری و حسینی، ۱۳۹۳، ۷۸) کەواتە زمان بنەڕەتی ئاگاییە، و مەعریفە دەیگۆڕێت بۆ خودئاگایی و مانا دەبەخشێت بە پەیوەندیی نێوان تاک و واقیع و بوونی "خود" لە جیهاندا پێناسە دەکات. ئەم تێگەیشتنە فەلسەفییە کە بەشێکی گەورەی میراتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێک دێنێت، لە دیدی هابرماس یەکێکە لە ئیشکالیەتەکانی هزری فەلسەفی کە ئەو بە کێشەی "فەلسەفەی خودی یان ئاگایی" ناوزەدی دەکات، کە لە ڕاستیدا بریتییە لە کێشەی نێوان جیهان و ڕاڤەکردنی جیهان لە ڕێگەی زمانەوە کە "خود" بە

تەنیا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕیت، بەو پێیەی لە ڕێگەی زمانیەوە دەتوانێت جیهان و خۆی بناسێت. ئەگەر ئێمە ئەمە بە زمانی شیعری و جیهانی شاعیرەکان پەیوەست بکەین ئەوا کێشەکە ڕەهەندێکی ئاڵۆزتر وەردەگرێت.

## 1-1-1-2- کێشەی فەلسەفەی خودی

بنەمای فەلسەفەی خودێتی بۆ کۆجیتۆی دیکارتی واتە "من بیر دەکەوەمە، کەواتە هەم" دەگەڕێتەوە، چونکە پێی وابوو ئەمە ڕستەیەکی جەبرییە. (دیکارت، ١٩٨٨، ٣٨) واتە خود لە بەرانبەر جیهان ئەگەر گومان لە هەموو شتێک بکات لە پەیوەندیی خۆی و دەرەوە ئەوا ناتوانێت گومان لە خۆی و بیری خۆی بکات. جەخت دەکاتەوە ئەگەر نکۆڵی لە هەموو ئەو شتانە بکەین کە نایەقینین وەک بوونی جیهانی دەرەکی و بوونی ئەوانی تر، بەڵام ناشێین نکۆڵی لە بوونی بوونەوەرێک بکەین کە ئەم بیرانە دەکاتەوە. (جنیفیات، ١٩٨٨، ٣٧) ئەم بوونە ئەبستراکتەی دیکارت لە خۆیدا و بۆ خۆی هەیە

و بنەمــایەکی جێگیری هەیە بۆ یەکێتیی نێوان خود و ئاگایی و بیر کە زمان بەیانی دەکات.

هابرماس بە پشــتبەســتن بە تیزێکی هیگڵ کە جەخــت دەکــاتەوە پەیوەنــدییەک هەیە لە نێوان دیالێکتیکی ســــیمبۆلە زمانییەکان، کار و کارلێکە کە چەمکی ڕوح دیاری دەکات. (وایت،١٣٩٣، ٣٠ و Habermas,1973,147) ڕوح ناوندێکە 'من' و 'ئەوی تر' تێیدا پەیوەندی دروست دەکەن، نابن بە 'خود' بەبێ پەیوەنـدیی نێوانیـان و لە ڕێگەی قســە و وتەوە پەیوەندیی نێوانکەســی دروســت دەبێــت. (هــابرمــاس، ١٣٨٤، ٤٥٥) بەم جۆرە هابرماس دەیەوێت لە فەلســەفەی هیگڵ ئەو هێڵە هزرییە گەشـــە پێ بدات کە 'من' یان 'خود' لە ئــاوێـتە بـوونـی هەمەکـیەت و هەنـدەکـیەتـدا بەرجەســتە دەبێت دیالێکتیکی خود-ئاگاییی هیگڵ ڕەخنەگرتنە لە شـــوێنگەی تاکێک کە لە ڕێگەی ڕامــان لە خۆی و ئەزموونی خۆی دەیەوێــت جیهان لە ڕێگەی زمانەوە ڕاڤە بکات. ئەزموونی ڕەســـەن لای هیگڵ دەرەنجامی کارلێکە. (میلر، ١٣٨٤، ٨٨ و *Habermas,Ibid.,p 151*) ئەمەش واتە بیری خودە تەنیـا و دوورەپەرێزەکــان و

ئەزموونی تاکایەتی لە خۆیدا جەهەری کێشـــەی فەلســـەفەی ئاگایی دروســـت دەکات. ڕەخنەی هـابرمـاس لەم فەلســـەفەیە ئەوەیە کە 'خود' بۆ سـەلماندنی بوونی خۆی و خود-ئاگایی پێویسـتی بە خودێکی تر نییە و لەبەر ئەوەی لە فەلسـەفەی ئاگاییدا پرۆســـســـی زانین و ئاگایی لە ســـەر بنەمـایەکی گومـانـاوی منێکی ترانســـێنـدێنتـاڵ دامەزراوە و نەک لەســـەر بـنـەڕەتـی زمـانـی هاوبەشـی ڕۆژانەی خودەکان و کارێکی نێوانیان، ئیدی دامەزراندنی 'من' لەسـەر ڕامان و تەئەمولی منێکی تـاک و گۆشـــەگیرە لە جیهـانی نـاوەکی خۆیدا. ئەم خودە ئەگەر ئاگاییەکی ڕەســـەنیش بەرهەم بێنیـت، ئەوا هەر ســـەر بە جیهـانی سوبێکتیڤە و ئەم ئاگاییە خودییە کاتێ زمانەکەی شـــیعر بێت، ئەوا جگە لە ڕاوەســـتان لەســـەر ئەزموونی خودێتی هـاوکـات لە نـاو ســـنووری زمان و چواچێوەکانی شیعریشدا گیر دەخوات.

## 1-2-1- شـــیعر وەک دەرکەوتەی زمانییانەی خود-ئاگایی

### 1-2-1-1-شیعر و قاڵبی ئامادە

شـــیعر دەرکەوتە پەتییەکەی زمـانە، کە چڕبوونەوەی مـانـایە لە زمـان و 'خود' هەوڵ دەدات لە هزری خۆیدا وێنای دونیای پێ بکات و مانای پێ بەخشێت. پەیوەندیی نێوان "فەلسـەفەی ئاگایی" و شـیعر کاتێکە کە بە هۆی سـنووری شـیعرەوە سـنوورەکانی جیهانی من و ماڵی من دیاری بکرێت، کە هەمان واقیعە کە دواجار دەبێتە بەسـتێنی دروسـتبوونەوەی خود-ئاگایی. ئەم ئاگاییيە لە دوو ئاستدا کێشەزایە؛ هەم چوارچێوە ئامادەکان حوکمی بەسەردا دەکەن و هەم لە ژێر تیشـکی وێنەکان بەشـێک لە حەقیقەتی خۆی ون دەکات. ئەم دیدە لە ڕاستیدا لە مێژووی فەلسـەفە بە ئەفلاتون دەسـت پێ دەکـات وەک ڕەوتی دوورکەتنەوە لە حەقیقەت.

ئەفلاتون پێی وایە شـیعر لە بەرانبەر "ئایدیا"ی ڕەسـەن و ئەبەدی، تەنـیـا "دەرکەوتەکـان" دەخاتەڕوو، بە قۆناغ لە حەقیقەتەوە دوورە، هەر

بۆیە بە"لاسایی" ناوزەدی دەکات، «چونکە ناتوانێ ماهییەتی ڕاستەقینەی شتەکان بناسێت و تەنیا دەرکەوتە و ڕواڵەتە». (افلاطون، ١٣٨٠، ١١٦٧-١١٧٤ هەروەها أفلاطون، ١٩٩٤، ٤٤٤-٤٥٠) هەربۆیە نەیارێکی مەترسیدارە، ئەمەش پەیوەستە بە باڵادەستی ڕیتۆریکا و ڕەوانبێژی بەسەر ئەرگۆمێنتی لۆژیکی و دیالێکتیکادا، ئەمەش لە شیعردا دەست ناکەوێت بەڵکوو فەلسەفەی دیالێکتیک کە بەداوی حەقیقەتی پەتیدا دەگەڕێت. ئەفلاتون پێی وایە ئەگەر بێتو قاڵبە شیعرییەکە لە شیعر داماڵی، بێگومان دەتوانی حەقیقەتەکەی ببینی لە حاڵەتی گۆڕانی بەرەو پەخشاندا. (أفلاطون،٢٠١٧، ٥٠٢) هەر بۆیە لە بەرانبەر هۆنەرانی خورافاتدا، دەبێ "بیر" و "سیاسەت" واتە ژیانی شار ڕزگار بکەین. (الیوسف، ٢٠٠٧، ٢٢-٢٥) کەواتە دژایەتی ئەفلاتون بۆ شیعر پەیوەستە بە زمانێک کە کۆپییەکی ناڕاستە، ئەوە جگە لەوەی لە جیاتی بەشداری لە گفتوگۆی ناو پانتاییی گشتیی شار خەریکی لاساییکردنەوەی حەقیقەتە. ئەرستۆش پێی وایە ڕیتم و زمان و هارمۆنی هونەر و شیعر پێک دێنن. و "بیرۆکە"یەکە بە هۆی ئامرازی جیاواز یان بابەتی

جودا یان فۆڕمی جیا دەردەبڕێت، (ارسطوطالیس، ١٩٥٣، ٥ و ٢١) و (ئەریســـتۆ، ٢٠٠٩، ٢٨-٢٩) و ئەو پێی وایە بە هۆی بەکارهێنانی زمانی پاراو و ڕســـتەی کاریگەر لە ســـیاســـەتدا دەبێت بە دیمـاگۆجی، بەڵام ئەگەر پەیوەســـتی بکەین بە فەلســـەفەی ئاگایی، ئەوا فۆڕم و ڕیتم ئارســـتەی زمان دەکات و کێشـــەی ســـەرەکی ئەوەیە ئەگەر حەقیقەت داخوازی ســـەرەکیی فەلســـەفە و بیرکردنەوە بێت ئەوا لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە، حەقیقەتی پشـــت خوازە و میتافۆر کە زمان لە جەوهەری خۆیـدا هەڵگرتووە، هەم لە ڕێگەی کۆپی و هەم بە هۆی قـاڵبەکـانەوە کە فشـــار دەخەنەســـەر وشـــە و ئایدیاکان، ماناکانیان بەرتەسک دەکەنەوە. فۆڕمیش هەم سنووردارە و ئـامـادەیە و هەم ســـەر بە جیهـانی کۆپییە، بە پێچەوانەی جیهـانی ئـایـدیـا. چەمکی تەکنیکە کە ئێمە وەک "قالّبی شـــیعری" بەکاری دەهێنین کە دەبێتە شوێنی لە قالّبدانی بیرۆکەکان.

## 1-1-2—2- شیعر و بیر

ئیشکالیەتی نێوان شیعر و فەلسەفە کە زمان و حەقیقەت سەنتەرەکەیەتی لە فەلسەفەی هاوچەرخیشدا جێگەی بایەخە. هایدگەر بە پێچەوانەی ئەفلاتون مەترسیداربوونی هونەری شیعر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە «کە بە مانا جەوهەرییەکەی ڕەسەنترین هونەرە». (هایدغر، ٢٠٠٣، ١٤٧) چونکە ماهییەتی زمان کەشف دەکات. (توفیق، ٢٠٠٢،) لای ئەدۆنیسیش شیعر پلەیەکی بالاتر وەردەگرێت ڕووداو تێدەپەڕێنێت و دەیگۆڕێت بۆ سیمبۆل و بە ئەبەدی دەکات، ئامرازێک نییە بۆ زیندانیکردنی شاعیر و ڕاکردن لە واقیع، بەڵکوو هەوڵە بۆ سڕینەوەی سنوورەکان. (ادونیس، ١٩٧٣، ١٣٧) کەواتە هەر چەندە شیعر لەسەر خەیاڵ و وێنەی شیعری میتافۆڕی دامەزراوە و فەلسەفە وجود کەشف دەکات. (قطوس، ٢٠٢١، ٤٥) بەڵام دەشێت قەسیدەیەکی شیعری گوزارشت بێت لە حەقیقەتێکی گەورە. (المكاوي، ٢٠١٧، ٧٠-٨٢)

کەواتە ئەگەر کێشەکە پەیوەست بێت بە بەرهەمنەهێنانی حەقیقەتی واقعی بە مانا

ئەفلاتونییەکەی یان کەشـــفکردنی ماهیەتی وجود بە مــانــا هــایــدگەرییەکەی، بەڵام لە نــاو ئەو بازنەیەدایە کە هابرماس بە تێگەیشــــتنی 'خودی' وەســفی دەکات، واتە خودێک کە بە تەنیا ڕووەو جیهان ڕاوەستاوە، واتە «سکاڵای تاکی هەستیار و هونەرکارە لەگەڵ دەروونی خۆیدا». (محەممەد، ٢٠١٠، ٨٩) و دەبێت بە «ئاوێنەی خودی شــاعیر و مۆنۆلۆگی نێو خودی شــــاعیر». (حەســــەن، ٢٠٢٢، ١٠) ئەگەر زمان هەروەک فیختە ئاماژەی بۆ کردووە نەتەوە دێنێتەبوون. (فیختە،١٩٧٩، ٨٧) یان وەک فوکۆ جەختی لەســــەر دەکات ڕێســــای ئامادە بێت کە حوکم بە ســــەر تاکەکاندا دەکات، ئەوا شــــیعر بە تایبەتی لە فۆڕمی تەمســــیلی و کلاســــیکی خۆیدا کە ڕیتم و کێش و ســــەروا و ئـاوازی نـاوەکیی حوکم بە ســــەر بیرۆکەکـانـدا دەکات، هزر دەخاتە ناو چوارچێوە ئامادەکان و بەشــێکی دیاری ســەربەخۆی و پەیوەندیی نێوان وشــە-واقع دەشــێوێنێ. هەر وەک گۆران دەڵێت: "هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەســـتم/ بۆم نــاخــرێـتە نــاو چــوارچــێـوەی هەڵـبەســــتـم". (گۆران،١٣٨٦، ١١٣)

بەم چەشـــنە ئەگەر زمان بنەڕەتی ئاگایی و شـیعر قاڵبێکی ئامادە بێت، ئەوا ئەم مەعریفەیەی بەرهەم دێت سـەبارەت بە خود، لە ئـاگـاییی خودییەوە دەبێت بە جۆرێک مۆنۆلۆگ و ئەگەر ئەمە پەیوەسـت بکەن بە سـەرهەڵـدان و گەلاڵەبوونی خودی کوردییەوە، دەبینین شـیعر ڕۆڵی سـەرەکی تێـدا دەگێڕێـت، چونکە لەنـاو کورددا تا ئاسـتێکی زۆر گوزارشـت لە نەتەوە و شیعر ئاوێتەی یەکتر بووە، بە جۆرێک هەر وەک حەسەنی قزڵجی دەڵێت: نەتەوەی کورد بۆ هەموو جۆرە کارێکی گرنگ چ شـەڕ و شـۆڕ و چ عەشق و دڵـداری چیرۆکیـان لێگێڕاوەتەوە و پتریش وا بووە بە شـیعر گوتراون و یـان پێیـان وتووە "بەیـت". (خـانـی، ٢٠٠٨، ٢٦٥) بەم چەشـنە هەرچەندە شیعر لە خودی خۆیدا داهێنانێکی زاتی مرۆڤە و دوانی "خودە" لە پەتیترین دۆخی خۆیدا و وردترین ڕامانە سەبارەت بە بوون و جیهان و مـرۆڤ و تەنـانەت دەرکەوتەیەکـی گـرنـگـی ناخودئاگایە کە زمان و ئاسـتەکانی، دەبن بە بەشـێک لە خودئاگاییی تاک و دەتوانێت جیهانی خۆی پێبنوێنێتەوە و گوزارشـتی لێبکات، بەڵام لە ئاسـتی دادخوازی "خود"ێک دەرناچێت، کە لە

ئاسته هەر بالاکەیدا نوێنەرایەتی "خودی نەتەوەیی" کردووە بە مانا سیاسییەکەی.

## 1-2- ناسیۆنالیزم وەک ڕاڤەی خودی نەتەوە

### 1-2-1- ناسیۆنالیزم و ڕۆنانی نەتەوە

پەیوەندیی خود-ئاگایی و شوناس وەک ژێرخانێک کە نەتەوەی لەسەر دادەمەزرێت، پرسێکی وجودییە و دەپەڕێتەوە بۆ بواری فەلسەفەی سیاسی، چونکە ئاگابوون سەبارەت بە لەپێشتربوونی چەمکی ڕەچەڵەک و خوێن یان ویست و بژاردەی تاکەکەس کە لە جەوهەردا پرسێکی زهنییە لە ڕۆنانی نەتەوە لە چوارچێوەی فەلسەفەی خودیدا تیشکی دەخرێتەسەر.

ناسیۆنالیزم، چ وەک تیۆری و بوارێکی زانستی چ وەک دەرکەوتەکانی خودئاگایی کە ڕەهەندی سیاسی وەردەگرێ لە پەیوەندیی نێوان خود و ئەوانی تردا، چەمکێکی فرە ڕەهەندە. ڕەگە قووڵەکەی گرێدراوی مۆدێرنیتە، چونکە لە دوای

سەردەمی ڕۆشنگەری لە سەر ئاستی سیاسیی دەسەڵاتە خۆجێی و نەتەوەییەکان لە ئەورووپا سەرهەڵدەدەن و لە سەر ئاستی تاکەکەسیش خود-موختاری بە مانا کانتییەکەی دێتە ئارا واتە «خودێکی پێگەیشتوو و ئۆتۆنۆمێکی عەقڵمەرجەع». کە دەبێتە پارادایمی ناسیۆنالیزم ڕیشەی ئایدیای دیاریکردنی مافی چارەنووسی خودە بە دەستی خود. (ڕەفیق، ١٩٩٧، ٦١-٦٩) ئەمە گۆڕانکاری لە بەها و ئینتما لە لایەک و خودئاگاییی تاکەکان لە لایەکی ترەوە دروست کرد و سەرەتای لەدایکبوونی بەهای تایبەت بوو کە لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا ڕەنگیدایەوە.

بەم جۆرە ئاگاییی ناسیۆنالیستی بوو بە ڕایەڵەیەکی مانابەخشی لە پەیوەندیی نێوان خەڵکدا، کە پێشتر بنەڕەتێکی ئایینی هەبوو، هەربۆیە «سیحری ناسیۆنالیزم گۆڕینی "بەخت" بوو بۆ "چارەنووس"». (اندرسن، ١٩٩٩، ٢٠) لێرەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی عەقڵانی مۆدێڕن و دونیایی، بە مانای دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی نێوان"خەڵک" و گوتاری دەسەڵاتی

سـیـاسـی بوو کە ڕووی کردە خۆیەتی و خۆجێیبوون و بوونی کۆگەرای تاکاکەن لە پارچە زەوییەکی دیاریکراوی دونیادا.

## 1-2-1-2- "ویست" و "خودی" نەتەوەیی:

کۆبوونەوەی "خەڵک" لە دەوری یەکتر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بە شوێن و نیشتەجێبوونەوە و کەمتر ڕەهەندی سیاسی وەردەگرێت، تا ئەو کاتەی لە گوتاری سیاسیدا دووبارە پێناسە دەکرێتەوە یان لە فۆرمێکی تردا دەردەکەوێت بە ناوی "گەل"، واتە کۆمەڵێک مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکدا کە خۆیان دووبارە دەکەنەوە بەبێ دابڕان لە ڕووی ڕوحی و سروشتییەوە. (فیختە، ١٩٧٩، ١٤٧) بەڵام کاتێ لە ڕێگای گوتاری سیاسییەوە گۆڕان لە شوناس و تێگەیشتن لە ئینتمای خەڵک دروست دەبێت بۆ خۆیان کە لە ڕاستیدا بریتییە لە گۆڕانی ئاگایی سەبارەت بە خود و هەموو ئەو شتانەی بایەخدارن ئەوا "نەتەوە" سەرهەڵدەدات، کە لەگەڵ مۆدێرنیتەدا دەبێت بە «جەوهەری شتە هاوبەشەکان».

(رێنان، ٢٠٠١، ١٨٦-١٨٧) ئەم هاوبەشـــانە هەم دەتوانێت بنکۆڵکردنی ڕابردوو بێت کە دواتر لە "گوتـاری مێژوویی"دا بەرجەســـتە دەبێت، هەم دەشـێت بەشـێک بێت لە ئەفسـانە و یادەوەری کە لە دووبارە دارشتنەوەوە خاڵە چونییەکەکان وەک خسڵەتی گشتی نەتەوە پێناسە بکرێن.

بەم جۆرە نـاســـیۆنـالیزم گۆڕینی چەمکی "خەڵک"ە یـان هۆز یـان خێڵە بۆ چەمکێکی نوێ، واتە "نەتەوە nation" کە لە سەر بنەڕەتی ئاگایی ســـەبـارەت بە "خـود" دامەزراوە و زمـان و ئایدیۆلۆژیا بەرهەمهێنەریەتی. ئیدی نەتەوە دەبێت بە یەکەیەکی ئۆرگـانی، کوتلەیەکی کۆنکریتی و پەیوەنـدیی زمـانی، کە مێژوو تۆکمەی کردووە (الحصــري، ١٩٨٧، ١٥٥) و ســیاســەت لە فۆڕمی دەوڵەت/نەتەوە و بەســەنتەرکردنی ڕۆڵی ئینتمای هاووڵاتیبوون بەرجەســـتەی دەکات (هوبزباوم، ٢٠٠٨، ١٥٦) بەم جۆرە ئەگەر لە ســـنووری خـاکێکی دایاریکراودا، بەو مەرجەی گەڵاڵەکردنی خودیی نەتەوەیی لەسەر بنەڕەتی ویستی ئازادیی تاکەکان بۆ شـــوناســـی خۆیان هاتبێتەئارا، ئەوا دەبێت بە دەوڵەت/نەتەوەی مۆدێرن.

## 1-2-1-3- شوناس و زمانی نەتەوە

پەیوەنـدیی فۆڕمی نەتەوەیی بە شـــوناس لە ڕاستیدا لە پەیوەندییەوە دەردەچێت بۆ دیالێکتیکی نێوان فۆڕم و ناوەرۆک، واتە لەســـەر ئاســـتی ناوەکیی توخمەکانی ناوەرۆک کە شـــوناس پێک دێنن فۆڕمی نـاســـیۆنـالیزم یـان نەتەوایەتیی تـاکەکـان لە گرووپـدا دیـاری دەکەن و ئەمەش زمـــان و نـــاخـــودئـــاگـــایـــی و دەرکەوتە ئـایـدیۆلۆژییەکـانی دەگرێتەوە. شـــونـاس ئەو پێنـاســـەیە کە لەســـەر خۆت قبوڵی دەکەی و دەتەوێـت، واتە «شـــونـاس مـاهیەتی مرۆڤە». (جوزیف، ٢٠٠٧، ٣) هەر وەک لە تیۆرییەکـانی (باختین)دا دەردەکەوێ زمان بچووکترین گۆڕانی کۆمەڵایەتی تۆمـار دەکات و ئـامـاژەیە بە ڕەوتی گوتارســـازی کۆمەڵایەتی. (ســـەجادی، ٢٠٢٠) چونکە مانا لە وشـــە و پرســـەکاندا نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە ڕەوشی کۆنتێکستەوە، ئەمەش کاتێ ســـیاســـەت ئاراســـتەی بکات دەتوانێ بەردەوام ناوەرۆکی شـــوناس دەســـتکاری بکات. لەســـەر ئاســـتی دەرەکیش شـــوناس مانایەکی جیاواز وەردەگرێـت و بریتییە لە «پەیوەنـدیی نێوان

"خود" و "ئەوی تر" لە جیاوازیدا». (وەلی، ٢٠٠١، ٨٨)

کەواتە ئەو شـــــوناســـــەی کە بەردەوام ناوەرۆکەکەی لەلایەن گوتاری ســـیاســـییەوە پڕ دەکرێتەوە و خاڵە چونیەک و زۆرتر جیاوازەکانی لەگەڵ "ئەوانـــی تـــر"دا بەراورد دەکـــرێـــت، هاوبەشـــەکانی نەتەوە بەهێزتر دەکات. هەربۆیە دروستکردنی "یادەوەریی هاوبەش" کە گرنگترین پرۆســـەی نەتەوەســـازییە، تێیدا هەوڵ دەرێت لە یـادەوەری و خودئـاگـاییی تـاکەکـانی گرووپ، وەکیەکی وەک شتێکی ئەزەلی و سروشتی وێنا بکـات. خۆبەرهەمهێنـانەوە و گوتـاری مـانەوە لە بەرانبەر "ئەوی تر"دا دەبێت بە خـاڵێکی گرنگی کولتوور. هەربۆیە «بنەڕەتی نـاســـیۆنـالیزم ئـامـادەیی خەڵک، هـاوشـــوناســـی ویژدانی و ئاپۆڕاسـازی (الاحتشـاد) سـیاسـییە». (هوبزباوم، ٢٠١١، ٢٨٠-٢٨١) و هۆشـــیاری و خود-ئاگاییی نەتەوەیی دەبێتە «کارکردن لە پێناو بە دیهێنانی کەســـــایەتـی نەتەوایەتـی». (هـرتـز،٢٠١١، ١١) شـــوناس وەک کۆڵەگەی هاوبەشـــی نەتەوە، "کە گەشـــەســـەندنێکی خۆکردە، نەک بەرهەمێکی

دەستکرد". (هوبزباوم،٢٠٠٨، ١٧٦) پێویستە وەڵامدەری بابەتیەتی دەرەکی بێت و لەسەر بنەمای دروستکردنی هەست و دواتر ئاگایی بۆ یەکەیەکی سیاسی خۆی دەربخات. ئەم یەکە سیاسییە ئەگەر فەرمی بێت ڕەهەندی یاسایی وەردەگرێت و ئەگەر نافەرمی بێت ئەوا ڕەهەندی ڕۆحی تێیدا زاڵ دەبێت. لەم نێوەندە دایە زمان ڕۆلی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، هەر وەک ئەندرسۆن دەڵێت لە ئەوروپا "دەوڵەتەکان نەتەوەی خۆیانیان تێیدا دۆزیوەتەوە (اندرسن،١٩٩٩، ٨١)

کەوایە ئەگەر خودی نەتەوەیی یان ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا بەرهەمی گەشەی واقعی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی پنتی بەهێزی دەسەلاتی خۆجێی و خود-موختاری تاک بێت کە لە فۆڕمی دەوڵەت/نەتەوەدا بە ئایدیالی دەکرێت و زمانەکەی لە ڕێگەی ویستەوە دەبێتە سەرچاوەی ڕۆنانی نەتەوە، ئەوا لە ناو کورددا ئایدیالی دەوڵەت و نەتەوە لە ڕێگەی وێنەی زمانی و شیعرییەوە هەوڵی بەواقعیکردنی دەدرێت کە بنەڕەتێکی سوبێکتیڤی هەیە.

## 2- دیوانی ناسیۆنالیزمی شاعیرانەی کورد

پەیوەندیی شیعری و هەستی نەتەوایەتی یان ئاگاییی نەتەوەیی لە ناو کورددا پەیوەندییەکی تۆکمەیە، شاعیرەکان ڕەچەشکێن و داڕێژەری هزری ناسیۆنالیستی کوردن، هەر بۆیە شیعر لە ئەدەبیات و کولتوور و دواتر سیاسەتی کوردیدا ڕەهەندێکی قووڵتر و کاریگەرتری هەیە.* هەر وەک مەسعود محەمەد ئاماژەی بۆ کردووە شیعری کوردی بریتییە لە هەموو ئەدەبی کۆنی کوردی، چونکە بێ لە شیعر هیچ بابەتێکی دیکەی ئەدەب، زمانی کوردی بۆ بەکار نەهاتووە، نە لەو چەرخە و نە لەویش پێش و کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی قەومایەتی. (محەممەد، ٢٠١٠، ٨٨) کەواتە زمانی شیعری یان ئایدیای ڕیتمیک گوزارشت لە بوونی نەتەوەییی کوردی دەکات و یان هەر وەک ڤیتگنشتاین دەڵێت: «زمان، سنووری جیهانی من دیاری دەکات». (ویتگنشتاین، ١٣٩٤، ١٠٣) هەربۆیە شیکردنەوەی بونیادی زمان دەبێتە هۆی دۆزینەوەی جیهان و بونیادە لۆژیکییەکەی. ئەمەش هاوتای دیدگای هایدگەرە کە پێی وایە زمان "ماڵی وجودە"، چونکە

بوونی مرۆڤ (یان دازاین) لەناو زماندا خۆی دەردەخات و لە بنەڕەتدا «دەرکەوتنی بوونە کە مرۆڤ بەجێی دەهێڵێت، بەو پێیەی واقعێکی زمانییە». (عادل، ٢٠٠٧، ٢٩٠) لێرەوە شیعر و زمان دیزاینەری واقعی نەتەوە یان هەمان وجودی کوردین کە شیعر دەبێتە بنەڕەتی ئاگاییەک لە نێو کورددا کە سنوورەکانی بە هۆی جیهانی "خودی" شاعیرەوە گەڵاڵە دەبێت، کە ئامرازەکەی زمان و تەکنیکە. لە کێشەی نەتەوایەتیی کوردیدا هەر سێ توخمی خاک و ڕەچەڵەک و زمان تێکچرژاون، ئەوە لە کاتێکدایە کە لەرووی ئیتمۆلۆژییەوە جەمال نەبەز پێی وایە وشەی "نەتەوە" لە ڕەتەوە retewe واتە، ڕەچەڵەکەوە هاتووە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٢٣٨) بەڵام زمان مانەوەی هەر دوو توخمەکەی تر دابین دەکات و دەیپارێزێت.

## 1-2- خـانــی و حــاجــی لەبەردەم پــرۆژەی دەوڵەت/نەتەوەدا

### 1-1-2- خانی و گوتاری دەوڵەتسازی

ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٦) بە چرکەســاتی سـەرهەڵدانی جەرەقەی هەسـتی ناسـیۆنالیسـتی و خەیاڵی دروسـتکردنی کیانێکی سـەربەخۆی کورد دادەنرێــت، کە وێنەیەکی نوێی بۆ دیــاریکردنی بوونی ســـیاســـییانەی خود و ئەوانی تر هەیە. زۆرینەی توێژەرانی کورد بۆ نموونە عیســـمەت شــــەریف وانلی، گیوی موکریانی، جەمال نەبەز، عزەدین مســـتەفا ڕەســـوڵ و ســـەلاح ســـەعدوڵلا "خانی" بە سەرەتای هۆشیاری کورد لەمەڕ خۆی و شـــوناســـی نەتەوەیی دەزانن. (بڕوانە: عەلی، ٢٠٠٥، ١٤٤) و هەنـدێکیش بە ڕەوتێـک کە «کە دەچێتە قاڵبی بەرەو نـاســـیۆنـالیزم». (مەریوان، ٢٠٠٥، ٦٤) نـاوزەدی دەکەن. بەو پێیەی ئـاگـایی نەتەوەیــی جــۆرێــکــی تــایــبەتە لە ئــاگــایــی دەستەجەمعی یان هاوکاری بەکۆمەڵ کە ڕایەڵێک دروســـت دەکات لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵ. (هرتز، ٢٠١١، ٢٢) وادەکات خانی وەک بیرمەندی ســـەردەمی خۆی واتە چاخی ڕابوونی نەتەوەکان

و دەرکەوتنیان لە جیهان ببینین، چونکە ئەو ئەم هۆشـــــیارییەی دۆزیوەتەوە کە  بریتی بووە لە "شــاهەکی جیهان پەناه" کە بشـێت تەبایی نێوان نەتەوە و دەوڵەت دروســــــت بکات، کە ڕێک لەو ســــەردەمە لە هەموو ئەوروپا ســــەریهەڵدابوو و ببوو بە مۆدێلی زاڵی سیاسەت.

## 2-1-1- 1- ئەگەر" و مەرجەکانی دەوڵەتی خانی

"ئەگەر" لە زمـانی شـــــیعری خـانیدا چەمکێکی ســــەنتەرییە، ســــەرەتای ڕســــتەیەکی مەرجییە، دوانــدنی ئــاگــایی کوردە بە جۆرێــک وەک هۆشـداریيە لە ڕووداوێک لە ئاییندەدا ڕوو دەدات یـان لە پرۆســـــەی ڕوودانـدایە. خـانی داهێنەری ســــەردەمی خۆیەتی و هەڵ دەدات لە ڕێگــای بەسیاسیکردنی ئەدەبیاتەوە بە تایبەتی لە شیعری (مەم و زین)دا ئایدیا سـیاسـییەکانی بخاتەڕوو و لە" کول و دەردێ (کوردا) گلەیی لە بەخـت و چارە ڕەشی کورد دەکات، هەرچەندە لە دووتوێی شـــیعرەکانیدا بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ ئەم مەرامە باس دەکات: "شـــــەرحا غەمێ دڵ دکات

فەســــــانە" (خــانی، ٢٠٠٨، ٥٢) ، بەڵام هەموو پرۆژەکە لە ڕاستیدا هەوڵدانە بۆ بە سیاسیکردنی شیعر لە ئاستی مۆنۆلۆگ، واتە ئاستی خودێتی و دەردی دڵ و ئەمە لە زۆربەی دێــڕەکــانــیــدا دەبینرێت. لە دژی "چەرخی لەولەب و تالع و ژ خواب هوشـــیار نەبوونە". (خانی، ٤٢) ئەوە جگە لەوەی بە باشــی هەســتی بە پێویســتی کۆدەنگی ئیتفاق و هەژموونی پادشــایەکی خۆماڵی کردووە لە بونیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا. ڕۆڵی فێرکار دەگێڕێت بۆ میرەکان بۆ ئەوەی دام و دەزگای مەزنــایەتی تێکنەچێـت. وەک میکــاڤیلی، بەڵام شـــــاعیرانە ڕێنمــاییی "میر" دەکـات بۆ ئەوەی حیکمەت و دانــایی فەرامۆش نەکەن و قەدری هـونەر و قەڵەم (خــانـی، ٤٢) بـزانـن، چـونـکە بڕیــاردانی بە هەڵپە و پەلە خومچوونی زۆر خوندکارانی بەســــتوون، ســــەروەر دەبێ وەک برینگەری دڵسۆز بێ، لە دەستێکدا نەشتەر بێ لە ئەویتریان تژی لە تۆزی دەرمان و هەتوانی سەر برینان. (پێشـەکی هەژار، خانی، ١١-١٢). "میرێ د ب دەوڵەت و فیراســـەت/ صــــاحیب شــــەفەقەت خودان ســـیاســـەت". (خانی، ٢٠٠) لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت "ئەوی تری" نەیار کە لە واقعدا کوردیان

چەوسـاندووەتەوە بکات بە غولام و بەم جۆرە واقعێکی ئایدیالی بۆ "خود" دروسـت بکات و ڕەوشـی شـێواوی کورد بەسـەر "ئەوی تر"دا بسـەپێنێتەوە کە ئەمەش تەنیا بە پاشـا و دەسـەلاتێکی هەژموونی دەکرێت. ئەمەش هاوجووتە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ئەگەر ویسـت یان ڕێککەوتن، یەکانگیری خۆویسـت و ئینتیما، دڵسـۆزی و سـۆلیداریتی گرنگ بێت بۆ ڕۆنانی نەتەوە، ئەوا ترس و تۆبزی و زۆرەملێ فاکتەری گرنگن بۆ هاندان و پاراستنی گرووپەکان. (اندرسـن وجیلنر، ١٩٩٥، ٣٥)

لەم ڕێگەیەوە پێی وایە هەم دین و دەوڵەت دەگاتە لوتکەی خۆی و هەم زانسـت و حیکمەت. واتە ئەویـش وەک زۆربەی بـیـرمەنـدانـی ناسیۆنالیزم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی شـوناسـی خۆت دابمەزرێنی کیان یان دەوڵەتە دەتوانی هێڵە گشـتییەکانی شـوناس و نەتەوە دیاری بکات. هەر وەک ڕێنان ئاماژەی بۆ دەکات نەتەوە پرەنسـیپێکی ڕوحییە، واتە خاوەنداریتی لە هاوبەشییەکان کە هەم قارەمانێتی

و هەم تراژیدیا دەگرێتەوە کە بەشـــێکی گرنگی دەبێت بە نۆســـتالژیا و یادەوەری، هەر بۆیە لای ئەوە «نەتەوە نیشـانەی ڕابردووە کە لە ئێسـتادا پـوختـە کـراوەتەوە و نەتەوە ڕاپـرســـیـیەکـی ڕۆژانەیە». (ڕێنان، ٢٠٠١، ١٩٤– ١٩٥) ئەمە هەم شـەرعیەتدانە بە پاساوەکانی مانەوەی تاکەکان لە تەنــیشـــــت یەکــتــر بە بەردەوامــی و هەم تۆخکردنەوەی جیاوازییەکانە لەگەڵ ئەوانی تر لە پێناو پاراستنی شوناس.

## 2-1-1-2- خـانی و بەرهەمهێنـانی ســـیمبۆلی نەتەوەیی

خانی جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت "غەمخواری زێـد بن دژی غـالببوونی ڕۆم و تورکـانی عوســـمـانی و وێرانکـاری حـاکمیەتی عەلییە سـەفەوی سـەعالیک و هەرگیز ڕازی نەبن بە ژێردەســـتەیی و عاری تورک و تاجیک و بە شـــیری دەســـتی هیممەت و جوامێری خەم لە "کورمـانج دەوڵەتـا دنیێدا" بخۆن. (خـانی، ٢٠٠٨، ٤٣–٤٤) چـیـدی کـورمـانـج نەبـن بە بـورجـی

پارێزگاری لە دوژمن و شـــوورەی و پارســـتنی ســـەرحەد و ســـنووری داگیرکار. هەروەک چۆن ئەنترۆپۆلۆژیســتی بەریتانی ئەنتۆنی دی ســمیس (۱۹۳۹-۲۰۱٦) پێی وایە ســـەرەڕای فاکتەرەکانی تری، هەســـتی ســـۆلیداریێتی لە نێوان زۆرینەی نەتەوەدا، پلەیەکی بـاڵاتر یەکـانگیری لە ئیتنیـک دروســـت دەکات. (برونســـن، ۲۰۰٥، ٥۱) ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە خانی لە کورمانجی دەوێت، واتە لە دەوڵەتی دونیـاییـدا ببن بە پەرژینی وجودی خۆیـان. کەچی لە واقیعـدا بۆ ڕۆم و عەجەم بوونەتە دیوار و بەم هۆیەشـــەوە ئەوان کز و هەژار و دامــاون کەچی ڕۆم و عەجەم خۆیان لە هەرا و شـەڕ و جەنگ بە دوور دەگرن و کوردیان کردووە بە کلیلی ســەر ســنوورەکان. ئەمەش پەیوەســـتە بە داڕووخانی ناوەکیی کورد کە ســەرەڕای ئەوەی "قەبیلێ ئەکراد" شــوجاعەت و علوی هیممەت و غیرەتیان بەرزە، بەڵام "پێکڤە هەمیشـە بێ تفاقن/ دایم ب تەمەڕوود و شـیقاقن". (خانی، ٤٥)

چۆن فارس شـانازی بە شـاکارەکانی نیزامی و گەنجەوی شــاعیری دەکات، خانیش گەرەکێتی بە

زمانی کورد و لە میانی مەم و زین شـــانازی بۆ کورد بئافرێنێ و جۆرێک لە هەستی "سەرفرازی" و "هاودەردی" دروســـت دەکات، و داوا دەکات کاتێ کورد مەم و زین دەخوێتنێتەوە هەســـتێکی خۆشی لەلا دروست بێت بڵێن: "کورمانجییە و بە قنجی هـاتە تەدوین و ڤـان چەنـد خەبەرێـد کوردەواری" تێدا نووســـراوە کە مەبەســـت و ئـامـانجی گەورەتری لە پشـــتە و دەبێ خۆیـان بەدوایـدا بگەڕێن و "تەئویـل بکەن ژ بۆ تە عەسووب". (خانی ٥٣-٥٥)

خانی وەک خودرەستەیەکی خۆپەروەردەکاری بێخودان و دەوڵەت، کە شانی وەبەر دروستکردنی هاوبەشـــەکان ناوە، لە مەم و زیندا هەوڵ دەدات مێژووی هـاوبەش و پڕ لە شـــانـازی ڕابردوو بگێڕێتەوە کە: "گۆ پادشـــاهەک زەمانێ ســـابیق" حاکمی کوردان بووە بە جۆرێک کە پاشـــایەتیی کورد و عەرەبی کردووە و فەرمانی بە سەر ڕۆم و عەرەب و عەجەمدا داوە کە " زیبەندەیێ مولک و زەینێ دین بووە".

## 2-1-1-3- خانی و "ئەگەری" بە سیاسیکردنی زمان

خانی زمانی کوردی وەک زمانی تەعسوب و عەشیری، واتە پەیوەندیی خوێنایەتی بەکار دێنێ و پێیوایە "بیدعەتێکی" گەورەی کردووە، کە پەیوەستە بە سەردەمێکی بێداد، کە عینادی دەخولقێنێ (خانی، ٤٦) و هەر وەک هەژار دەڵێت «بە فەرمایشتەکەی نالی زمانی خانی کوردییە، خۆکردییە». (خانی، ١٩) ئەم لە ڕێگە دەرچووە بۆ ئەوەیە "ئەوانی تر" کورد بە بێ بنەچە و مەعریفە لە قەڵەم نەدەن، چونکە کتێب و نووسین سیفەتی نەتەوەکانی دیکە و خانی هەستی بەوە کردووە کە نەتەوە بەبێ نووسین و زمان دروست نابێت. بەڵام دەزانێ کە هەتیوی و بێدەرەتانی هۆکارە کە کورد ناتوانێ لە جیهاندا دەربکەوێت و بێ خودانی کێشە گەورەکەیەتی. زمان لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت و هەر وەک هۆبز باوم دەڵێت «مێژوو و کولتووری هاوبەش و پێکهاتەی ئیتنیکی، لە میانی زمانێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت». (هوبزباوم، ٢٠٠٨، ١٥٨-١٥٩) و ئاشکراشە یەکێک لە

تایبەتکارەکان کە کوردێک لە "ناکوردێک" جیا دەکرێتەوە پێی، زمانە. (نەبەز، ١٩٨٦، ٦)

بەم جۆرە مەم و زین بە زمانی کوردی هەر چەندە داستانێکی تراژدییە، بەڵام پڕیشە لە جوان نیشاندانی کورد کە هەم خاوەن پاشایەکی دلێر و مێرخاس کە حاتەم و ڕۆستەم، موحتاج و مەغلووبی ئەون، هەم تاجدین گۆدەرزی زەمان و پاڵەوانێکە و ئەسکەندەر و غەزەنفەری میللەتی خۆی بووە. ئەوە جگە لەوەی خاوەن بۆنە و داب و نەریتی هاوبەشن. خانی "نەورۆز" دەکات بە سەرەتای وەرچەرخانی ڕووداوەکانی ناو مەم و زین و ئەمەشی هەر وا لە خۆڕا نەکردووە، ڕۆژا کە دە بوویە عیدی نەورۆز/تەعظیم ژ بۆ دەما دلئەفرۆز (خانی، ٦٨) وەک عادەتی پێشینی زەمانان کە لە هەموو کات و شوێنێ باو بووە نەورۆز بۆنەی گشتی بووە وەک ڕێوڕەسمی خۆشەویستی و ئەوین. بەسیمبۆلیکردنی کورد وەک یەکێتییەکی وجودی کە دەوڵەت دەتوانێ فۆڕمی پێبدات لای خانی ئامادەیییەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئەو "خودە نەتەوەیییەی" خانی باسی دەکات بەتەواوی گەڵاڵە نابێت و جۆرێک شێواوی

تێدایە لە نێوان عەشـــیر و کورمانج و کورد و ئەکراد و لە هەمەکیەتی خۆیـدا نەخەملّیوە. کۆتـاییی تراژیـدی مەم و زین بە جۆرێـک لە ڕەشـــبینی خانیش بۆ ئەو "میر"ەی لە خەیاڵیدایە بەرەو گەندەڵی هزری و ســـیاســـی دەچێت و کۆتـایی دێت و ئەگەرەکـانی دەوڵەتەکەی بەرەو نەمان دەبەن.

ئەم پرۆژەیەی خانی دایدەمەزرێنێت، هەمووی لەنـاو جیهـانی خودێتیی "خـانی" و "ئەگەرەکـانی" "گەر دێ هەبووایا مە پادشـاهەک، گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک، گەر دێ هەبوویا مە ژی خودانەک" ڕوو دەدەن. (خانی، ٤٣) واتە پرۆژەکە لە دونیای واقعیـدا بەردەنگی نییە، خودئـاگـاییی خـانی کە دەکەوێتە ســەرووی ئاگاییی خەڵکی ســەردەمی خۆی، نـاتوانێ واقعیکی نوێ بئـافرێنێ، هەر بۆیە بە تەواونەکراوی دەمێنێتەوە.

کەواتە دیـدگـای "خـانی" بۆ ســـیـاســـەت و دروســـتکردنی دەوڵەت لە چوارچێوەی شـــیعردا، ســـەرەڕای داهێنەرانەبوونی وەک دەقێکی ئەدەبی بـاڵا، بەڵام مۆنۆلۆگە و دەوڵەتی "ئەگەرە". لە نـاو هزری "خـانی"دا ئەگەر کورد پێویســـتییەکـانی

دەوڵەت دابین بکات ئەو وەک بەشــدار و خاوەن شت دەچێتە ناو جیهان و پەیوەندی لەگەڵ ڕۆحی خۆی دەبەســـتێت و "دێنەڤە ڕح مەلێ جزیری و حەی دەکات عەلی حەریری و فەقێ تەیران شاد دەکــات". (خــانی، ٤٧) ئەمە خولیــا و خەیــاڵی شــاعیرێکە لەگەڵ خۆی و یادەوریی پێشــینەکانی خۆیدا، بەڵام کاتێ بەســـتێنەکانی لە ئارادا نین، هەر لە ئاســـتی خۆزگە و ئارەزوو دەمێنێتەوە. ئەوە پەیوەنــدی بە خودی خــانییەوە نییە وەک داهێنەری دەقەکە، بەڵکوو دەپەڕێتەوە بۆ نــاو پانتاییی کولتووری-سیاسیی کوردی و خۆبینینی لە جیهــان و ئــامرازەکــانی بەیەکگەیــاندنی خۆی لەناو سەردەمەکەدا.

## 2-1-2- حاجی: نەتەوە/دەوڵەتێکی پایەدار

یەکێک لەو ڕووداوە گرنگــانەی کە لە ڕەوتی پرۆژەی نەتەوە و نــاســـیۆنــالیزمی کوردیــدا هــاتووەتەئــارا، ئــاشـــنــابوونی حــاجی قــادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) بووە بە خــانەوادەی میرانی بەردخان و ڕۆژنامەی کوردســـتان و پرۆژەی

خـــانی، چونکه «گیـــانی نەتەوایەتی حـــاجیـــان بزواندووە». (مەلا کەریم، ٢٠٠٨، ٢١) و هەر وەک خۆی دەڵێت دیوانەکەی لە ســــەر "نووســـــخەی خەتی خانی" نووسیوە. (حاجی، ١٣٩٠، ١١٨)

حاجی زۆر ورد چەمک و وشەکانی بەکار دێنێت و لەنـــاو ئەو پڕۆســــەیەدا بیر دەکـــاتەوە کە لە تیۆریی ناسۆنالیزمدا پێی دەوترێت "دروستکردنی نەتەوە" بەو مـــانـــایەی هۆبز بـــاوم ئـــامـــاژەی بۆ کردووە دروســـتکردنی دەوڵەت/نەتەوە بریتییە لە پرۆگرامێک بۆ بنیادنانی بینایەک کە بانگەشــــەی ئەوە دەکرێت لەســــەر "ناســـیۆنالیزم" دروســـت دەکرێـــت. (هوبزبـــاوم،٢٠٠٨، ١٦٥) و تەنـــانەت "قەبیلی ئەکراد" زیاتر لەوەی ئاماژە بێت بە خێڵە کوردەکـــان، ئـــامـــاژە و وەبیرهێنـــانەوەی میراتی "خانی" و وڵاتی کوردانە، کە ڕێکەوتن و یەکبوونی بە هاوتای دروستبوونی دەوڵەت دەزانێ.

دەرچوونی حـــاجی لە کۆیە، دەرچوون بووە لە چوارچێوەیەکی داخراوی بیرکردنەوە لە نـــاو خێڵ و شـــــاردا، کارلێکی نێوان ئاگاییی حاجی و داخرانی واقیعەکەی بووە، هەر بۆیە لە شیعرەکانی حـــاجیـــدا ڕەوتێـــک هەســــتی پێ دەکرێـــت لە

عەشـیرەتگەراییەوە بەرەو دروسـتکردنی خاک و دەوڵەتی کوردان، ئەمەش "خاڵی وەرچەرخانە لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە بەرەو بزاوتی هەسـتی نەتەوەیەتی". (مەلا کەریم، ٢٠٠٨، ٢٣) حاجی وەک فەقێیەکی بیرکەرەوەی گەڕۆک بە نـاو وڵاتی خۆیدا "هەسـت بە "کوردبوون"ی نێوان خۆی و "خانەخوێ" ئەوەندە بەهێز ببوو، کە سـنووری دوژمنـان نەیـانتوانیبوو کەرتی بکەن". (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٥٥-٢٦٤) کـاتێکیش دەچێتە دەرەوەی وڵات، بە هزری "ئازدیخوازی نەتەوە جیاوازەکان" بیری دژی عوسـمانییەکان فراوانتر دەبێت". (مەلا کەریم. ٢٠٠٨، ١٠) هەر ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر خودئـاگـایی هەبووە لە ڕەوتی خۆتەکوینکردنی نەتەوەکـانی تر و پرۆسـەی نەتەوەخوازی، بە جۆرێـک دواجـار حـاجی دەبێـت بە بیرمەنـدی دەوڵەت/نەتەوە، دژی خەلافەت، چونکە "زوڵمیـان عامە لە سـەر عاممە" و بە بنەڕەتی کێشـەکانی دەزانێت. (حاجی، ١٤٧)

حـاجی "خودی کوردی" لە بەرانبەر"ئەوانی تر" دادەنێت و بەراوردێک دەکات لە نێوان "بولغار و سـڕب و یۆنان و ئەوانیدی کە بە هەموویان بە

قەد بابان" نابن کەچی سەربەخۆن و ساحێبی دەوڵەت و جەیش و ئاڵا و ئەرکانی حەرب، لە هەمووی گرنگتر بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت، گەورە و بچووکی خۆیان دەنێرن بۆ ئەورووپا. (حاجی، ٢٣)

لە کاتێکدا لە ناو کوردا وەک بنەڕەت «دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ بیرێکی خۆییە». (نەبەز ،٢٠٠٢ ، ١٢٦) حاجیش لە ناو جیهانی شیعرەکانی و پرۆژەی فکرییەکەی خۆیدا، پەیوەندییەکی پتەوە لە نێوان نەتەوە وەک سەرەتا و دەوڵەت وەک بەرەنجام دروست دەکات. هەر بۆیە لە دووتوێ دێر بە دێڕی شیعرەکانیدا بە دوای هۆکاری ناکامی دروستنەبوونی ئەو کیانەدا دەگەڕێت کە لە واقعی جیهانی خەڵکدا هەیە و لای ئەوە بووە بە ئایدیاڵ.

## 2-1-2- 1- هاوبەشەکان و نەتەوە

لە کاتێکدا فۆڕمەکانی تری پێکەوەبوونی مرۆیی، کە یان دژایەتییەکان پەرە پێدەدەن، یان ڕەوشی سروشتی خۆیان وەک ئەوەی هەیە

قبوڵ دەکەن، دروستبوونی "نەتەوە" هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دروســــتکردنی چەمکی "هـاوبەش" لە جیـاوازبوونەوە بچێتە نـاو هـاوتـابوون، بە هۆی "ویســــت will "ەوە کە لە دیدی ڕێنان لە زمان بەرزترە؛ لەســــەر خـاک و بە ســــیاســــەتی ناوەندگەراییی نەتەوەی لێ دروســــت دەکرێت. (ریَنان، ۲۰۰۱، ۱۸۷) "هاوبەشــــەکان"، ئەوەی لە کۆدا پێی دەوترێـت "کولتـوور"، لای حـاجی دەکەوێتە پێش دەوڵەت و لێرە لە "خـانی" جیـا دەبێتەوە. لە تەبـاییی نێوان زمـان و کولتوور دەڵێت "ئەنواعی میلەل، مەمالیکی خەملێوە و یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ. (حاجی، ۲۹) واتە ئەم هاوبەشــــانە دەبن بە توخم و ڕەگەزی دەوڵەت کە خۆیان وەک پێدراوی ســــروشــــتی-کۆمەڵایەتی هەن. داوای ســــیاســــەتێکی پراگماتی دەکـات بۆ "بۆ حیفزی دین و میللەت" و دەزانێ ســــەردەمی ســــەرهەڵــدانی دەوڵەتی نوێیە و سیستەمی خێڵایەتی و عەشیرەتی کۆتایی هاتووە هەر بۆیە دەڵێـت: "هیچ نەبێ بە ئۆین تـابیع بە دەوڵەتێ بن" . (حاجی،۹۳- ۹۵)

لە هەندێ شـــوێندا بیری حاجی نزیکە لە هزری بیرمەندی سیاسیی ڕێنسانسی ئەوروپا (نیکۆلۆ میکاڤێللی) کە هەم سـیاسـەتی بەدونیایی کرد و داوای دینێکی دەوڵەتی دەکرد و دورسـتبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسـتبووە بە بوونی "میرێکی" بەهێز و سوپایەکی یەکگرتوو. (مەکیاڤیللی، ١٩٨٢، ١٣٩ و ١٥٠) حاجی داوای سـوپایەکی مۆدێرن دەکات کە خاوەن تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایی بێت، ئەگینا گەورەیی کورد ئەستەمە بێتەدی. پێی وایە "سـەلاحی ئێستاکە "سـیلاحە". خەباتی چەکداری دەبێتە زەروورەت وێڕای تەگبیر و ڕاوێژ. (حاجی، ٧٩- ٩٦) چونکە لە سـەردەمی مۆدێرندا دەوڵەتی پایەدار لەسـەر بنەمای عەقڵ و هێز دادەمەزرێت و بە "شیر و خامە" دەوڵەت پایەدارە. (حاجی ٣١- ٣٢) ئەمەش بوونی سەرکردەیەک لەناو کورد کە ڕابێت و سـەیری میللەتانی تر بکات کە چۆن "کەوتـوونەتە سـەر ڕێ" و بە ورەوە نـاوی دەوڵەتیـان لە خۆیـان نـاوە، وەک پێویسـی دەردەخـات. (حـاجی، ٢٢٩ -٢٣٠) واتە توخمی "ویسـت" کە یەکێکە لە کۆڵەگەکـانی ڕۆنـانی دەوڵەت/نەتەوە لای حـاجی، بنەڕەتێکە کە هێز دەخولقێنێت و پێویسـتی بە هیممەتە. هەر بۆیە

هێمن موکریـانی (١٩٢١-١٩٨٦) وەک میراتگری حـاجی و ڕایەڵەی ڕوحی نێوان بـاشـــوور و ڕۆژهەڵات و ئیدئۆلۆگی کۆماری کوردســتان ئەم ورە و ویسـتە لە خودی حاجیدا دەبینێ "کە سـەد هێندی ئەڵوەندە و "شـــوێن پێی ئەوی کردووە بە سورمە". (هێمن، ٢٧٠٨، ٢٥٥-٢٨٦)

## 2-1-2- 2- جوگرافیای خەیاڵکرد:

(گیلنەر ١٩٣٤- ٢٠٠٢) پێی وایە تەنیا "ویست" بەس نییە بۆ بوونی "نەتەوە"، بەڵکوو دەبێ کولتووری زۆرینە، کە ســـیاســـەت دەیکات بە "کولتووری باڵای گشـــتێنراو"، ئینتیمای نەتەوەیی لەســەر دروسـت بکرێت. ئەمەش لەسـەر جۆرێک ڕەزامەندی واتە شەرعیەتی سیاسی دادەمەزرێت کە «دژایەتی نێوان ســـنووری یەکەی unit کولتووری و ســنووری یەکەی ســیاســی لەناو دەبات و ئیدی نەتەوە ئاوێتەکردنی ویســـت و کولتوورە لە یەکەیەکی ســیاســیدا». (اندرســن وجـیـلـنـر، ١٩٩٥، ٣٦- ٣٧) ئەگەر ئەمە بـۆ دەوڵەت/نەتەوەی ئەوروپا ڕاســـت بێت، ئەو لە

جیهانی حاجیدا جوگرافیا و سنووری کوردستان کە لە ئاگاییی حاجیدا ئامادەییەکی بێوێنەی هەیە و هەمووشی بە مەبەستی سیاسی بەکار دێنێت تەنیا لە سنووری شیعرەکانیدایە. ڕووپێوێکی خاکی کوردستانیش دەکات لە بابان و کەرکووک و ناوچەی دزەیی و جزیر و بۆتان. (حاجی، ٢١٧). تا دەگاتە "دەشتی بەهەشت ئاییینی لاجان" (حاجی، ١٢٠) دەوڵەتی خانی لای حاجی، سنووری هەموو کوردستان دەگرێتەوە کە مێژوویەکی درەخشانی هەیە کە "کوردان ئازاد و سەربەخۆ و ساحیبی جەیش وعیرفان"بوون (حاجی، ٩٦) هەر بۆیە بۆ نەتەوە لای ئەوە بەرهەمی مێژوو و ئەفسانەیەکی لێکگراوە، لەنگەری دەستی سینانی کەیکاووس و گوردی شانامە و سەلاحەددین ئاوێتە دەکات. چەمکی "وڵات" و پەلامارданی لە لایەن بێگانە و تێکدانی دیمۆگرافی "خاکی جزیر و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان" وەک هەڕەشەیەکی گەورە دەبینێت و باسی تێکچوونی دین و کولتووری کوردی دەکات پێی وایە "پەیدا بێت ئەرمەنستان نامێنێ یەک لە کوردان". بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەمە داوای یەکگرتن و "ئیتیفاق" دەکات لە وڵاتێکی یەکانگیردا.

چەمکی خاکی کوردستان و گەلی کوردان دەبن بە دوو چەمکی کۆنکرێتی و پێناسەکراو، کە دەبێ فەلسەفەی حوکمڕانی بەمانا مۆدێرنەکەی بەردەوام تەبەنی بکات و حاجی ناوی دەنێت تەعسوب. (حاجی، ٣٣) کە هەمان ئاگاییی نەتەوەییە لە بێ بەشیدا، کە کەوتووەتە دەرەوەی سیاسەت و جیهان و پێویستی بە بەخۆداچوونەوە هەیە.

## 2-1-2- 3- نەتەوە-دەوڵەتی حاجی

خەوی غەفڵەت یان جەهل کە هەمان ئاگاییی کۆمەڵایەتی و سیاسییە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی شیعری نەتەوەییی کوردی و بەردەوام وەک سەرەتای دەرچوون لە قۆناغی پێش- نەتەوە دەردەکەوێت. لە لایەک داینەمۆی نەتەوە لای حاجی پەیوەست دەکرێت بە بەشی چەوساوەی کۆمەڵگا "گاوان و سەپان و جوتیار و شوانی کوردان" کە دەکەونە بەرانبەر داگیرکەری دوژمن، بەڵام "ناتەبایی" و "ئاگری بن کا"یی، کوردی ڕەنج بەخەسار کردووە. (حاجی، ٧٧-٧٨) لە

لایەیەکی ترەوە لە ناو نۆســـتالژیای مێژوویەکی پرشــنگداردا بە دوای "وێنەی نەتەوە" و هەســتی ژیاندۆســتی ولاتی کورداندا وێڵە، کە کێشــەکانی مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە "دیبـاچەیی مەم و زین"دا ئەحواڵی ســـوخەندان"ی تێدا باس کراوە. (حاجی، ٩٨-١٠١) هەر بۆیە "نەتەوە" لە ئاســـتی ســوبێکتیڤ دا مانایەکی ســیمبۆلی و ســنووری خێـل و عێـل دەبڕێـت و لە پێـدراوی واقعییەوە دەگـۆڕێـن بـۆ یەکەیەکـی گەورەتـر کە خــاکـی کوردستان و گەلی کوردە. داوا دەکات "بێنەوایانی موڵکی کوردسـتان" لەم خەوە هەسـتن و سـەیری جیهان بکەن، دەبینن "حاجی" بە شیعرەکانی وەک "کاوە" ڕۆژێ درەفشی هەڵداوە.

هەر وەک چۆن لە میژووی ئەورووپا پیشەسازی چـاپ، تـاکەکـانی لێکگرێدا و "ئـاگـاییی نەتەوەیی" دامەزراند و لەرێگەی "زمانی فەرمی" و " بنیاتنانی "بیرۆکەی خودێتیی نەتەوایەتی" فۆڕمێکی نوێی لە کۆمەڵگای خەیاڵکرد دروســت کرد. (اندرســن، ١٩٩٩، ٥٠-٥١) و پـێشـــکەوتـنـی پەروەردە و خوێنــدن و بەرەوپێشـــچوونی قوتــابخــانە و زانکۆکان بوون بە پێوەری پێشـــکەوتنی تەوژمی

ناسیۆنالیستی. (هوبزباوم ، ٢٠٠٧، ٢٦٢) حاجیش نەتەوە پەیوەست دەکات بە "ویستی خودی کورد" کە لەرێگای تەئریخی هاوبەش و کتێب و جەریدە دەبن بە یەک، لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە "جل و بەرگ و زبان و ڕەسم و ئایین" دێتەبوون. (حـاجی، ٢٢٩-٢٣١) واتە هەسـتی نێوکۆیی بە چارەنووسـی وەکیەک دەبێتە مۆرکێکی گرنگی ناسنامە. (نەبەز ،١٩٨٦، ٤٩)

حـاجی تێپەڕینی قیتـاری دەوڵەتسـازی لەسـەردەمی خۆیدا هەست پێ دەکات و پێی وایە تەنیـا بونیـاتنـانی دەوڵەت، کورد لەم دۆخی پەستییە ڕزگار دەکات. هەر بۆیە بوونی "دەوڵەت" و "ئاگایی لەمەڕ دەوڵەت" بە پرسی مەرگ و ژیان دەزانێت و داوای دەوڵەتێکی پایەدار دەکات کە دەبێ وەکوو "بـت بیپەرسـتن جەمعی میللەت". (حـاجی،٢٥١-٢٥٦) واتە ئـاگـایی سـەبـارەت سـەربەخۆیەتی و سـەردەم، ئەوەش بەو مانایەیە کە حاجی لە ناو زمەنی خۆیدایە و هۆشیارە پێی، چونکە «کات دیاریکەری ئاگاییە و کاتمەندی فۆڕمەکـانی دەرککردن، خەیـاڵکردن، وەهـم، یـادەوەری، بیرەوەری و هتـد دابین دەکـات».

(هوسرل، ٤٨٦) و ئەم ئاگاییيەش لەمەڕ سەربەخۆیی نەتەوەییيە، چونکە هەر وەک فیختە ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەی سەربەخۆ نەبێت لە ناو زەمەندا نییە و هێزی دەرەکی ناوەرۆک و چارەنووسی دیاری دەکات. (فیختە، ١٩٧٩، ٣٣). حاجی لە ناو سەردەمی خۆیدا ئاگایە بە بوونی پارچە پارچەی خۆی وەک کورد و ئەمە لە زمانی شیعریدا بە جۆرێک ڕەنگی داوەتەوە کە بووە بە سەرەتای "ئاگاییی ڕەنجاو" بە مانا هیگڵییەکەی.

## 2-1-2- 4- شیعر و قاڵبەکانی بیرکردنەوە

ئەو جەدەلە هزرییەی حاجی وروژاندوویەتی نە لە ناو واقعی کوردیدایە و نە بەردەنگیشی دیارە، هەمووی لە ناو خودی شاعیر دا دەگوزەرێت، ئەگەر شیعر ناچاری دەکات «وەک پێویستی بیرازێنێتەوە». (خانزاد، ٢٠١٢، ١٥١) بەڵام هاوکات ئایدیاکان کورت دێنن. حاجی وەک پایەبەرزێکی شیعری نەتەوەیی، خۆی هەست بەمە و هاوجووت نەبوونی پەیامە سیاسییەکەی و دەربڕینە شیعرییەکەی دەکات دەڵێت: "بەیتەکان

عەیبی مەکەن خوار و کەچن/ مەقسەدم لەم بەند و باوە دەربچن". (حاجی، ٢٠٧) ئەم ئاگاییەی حاجی لەهەمبەر نارێکی زمانی شیعری خۆی پەیوەستە بە بێتوانایی شیعر لە دەربڕینی فەلسەفەکەی و گوزارشت نەکردن لە باری مانایی و لە قاڵبدانی عەقڵ و پێی وایە "سەراپا وەکوو خۆی بێ سەر و پان". (حاجی، ٩٣) هەرچەندە حاجی هەوڵیداوە چەندی لە توانایدایە لەنێوان ڕیتۆریکا و مانا « زیاتر گرنگیدانی بە واتا بدات». (خانزاد، ٢٠١٢، ١٥٢) و هوشیارییەکەی بەرامبەر بە زمان کە دەبێتە پرۆژە لە ڕووی چۆنایەتییەوە، ببێتە زمانی شوناس و خۆسەلماندن و مانەوەیە. (سیوەیلی،٢٠٠٤، ٥٥ و٦٠) بەڵام قورسی قاڵبی شیعری بارێکی گرانە بە سەر ئاگایی حاجی قادر، تا ئاستی ئەوەی بێژیت: "قەڵەم شکا و مورەککەب ڕژوا نامە نەما/لە داغی قافیە تا خۆی گەیاندە ئاە و ئەنین". فۆرم یان قاڵب بە چەشنێک تەنگی بە فکری هەڵچنیوە کە لە مۆنۆلۆگی خۆیدا دەڵێت: "داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین ناکرێ/ پێت دەڵێم چۆنە ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە". هاوکات هەستی بە ئاوابوونی زمانی شیعریش

کردووه. "سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ/ ڕۆزنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان و "ڕۆمان و جەریدە" باوە. (٩٨- ١١٨) ئەوەش هەمان ئەو بیرۆکەیە کە هوبزباوم و ئەندرسن جەختی لەسەر دەکەن کە پێیانوایە "رۆژنامە" بوو بە ڕایەڵی پەیوەندی بۆ دروستکردنی نەتەوە. (اندرسن، ١٩٩٩، ٥٠ و هوبزباوم، ٢٠٠٧، ٢٦٣)

لە نەریتی هزری نەتەوایەتیدا «"زمان" و "مەفتەن یان نیشتمان" بۆ هەستی هاوبەش لە ژوورووی هەموو پەیوەندییەکەوە دێن». (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٦٦) "حاجیش بێئاگا نەبووە لەوەی کە زوبان چ دەورێک یاری ئەکا لە پێکهاتەی نەتەوەدا. (مەلا کەریم، ٢٠٠٨، ٣٠) و تەنانەت زمانی نەتەوەیی دەبێت بە بەشێکە لە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و پێی وایە "ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی/موحەققەق داکی حیزە بابی زانی". جەخت دەکاتەوە ئەگەر کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز بە کوردی بنووسرایە زوبانی" دەبووە هۆی هەرمان و نەمری کورد و مێژووەکەی (حاجی، ١٥٢-١٥٣) بەم جۆرە

«زمــان دەبێتە پێنــاســـــەیەکی زۆر گرنگی "کوردبوون"». (نەبەز، ١٩٨٦، ٩) و حاجی، کوردی بە زمــانــی حەق دەزانــێــت، بەڵام چـونـکە کۆ نەکراوەتەوە، بەرەو لەنـاوچوون چووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکانی تر بە زمانی کەچ و خەتی خواریــان چوونەتە ڕیزی نەتەوە گەورەکــان و خەریکە خۆیان بە دەوڵەتیش لە قەڵەم بدەن.

**یەکەم؛** زمانی حاجی ئاگاییەکی بۆ خودی ئەو خوڵقاندووە کە بەرفراوانترە لە سنووری کێش و قافیەی شیعرەکانی، هەر بۆیە کاتێ دەکەوێتە ناو قاڵبی شـــیعری ئاگاییەکە لە قاڵب دەدرێت و ئەوەش خود- ئاگاییی حاجی تووشـــی ڕەنجاوی دەکات. **دووەم؛** حاجی شـــیعری فارســـیشـــی نووســـیوە بەڵام لە هیچ کامیان باســـی نەتەوە و دەوڵەت ناکات و ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات پەیوەندییەکی قوڵ هەیە لە نێوان زمانی کوردی حاجی و کێشەی نەتەوەکەی لە ئاگاییی سیاسیدا کە لە ڕێگەی شیعرەوە دەجووڵێت. (حاجی، ٢٧٠-٢٨٤) هەروەک هێردەر (١٧٤٤-١٨٠٣) دەڵێت: هەموو گەلێک لە خۆیدا وێنەی نەتەوەیی و زمانی خۆی هەیە. (اندرسن، ٧٣) **سێیەم؛** حاجی ناگات

به نیهیلیزم و هەر بۆیە تا کۆتایی «بە جۆرێکی عاشقانە و دێوانە باسی کورد دەکات». (محەمەد، ١٩٧٤، ٢٨٣) و خەونی دەوڵەتێکی کوردی کە هیوای "جەمیعی کوردستان" بێت لای ئەو هەر دەمێنێتەوە و دەبێتە "غەمخۆری گەلی کوردان".

## 2-2- له گوتاری دەوڵەتەوە بۆ چەمکی نیشتمان و وەتەن

### 2-2-1- ئەحمەد موختاری جاف: نیشتمانپەروەی دونیاگەرا (عەلمانی)

هێڵی گشتی ئەحمەد موختار جافیش (١٨٩٨-١٩٣٥) بۆ تێگەیشتن له دەوڵەتی کوردی بە سەرەتای دابڕان له خەونی خانی/حاجی دادەنرێت، واتە هێشتا بەشێک له چەمکە سیاسییەکانی ئەو دووانە ئامادەییان هەیە، بەڵام بە ئاراستەی باڵادەستی چەمکگەلی تر دەڕواتە پێش. بە بەراورد بە خانی و حاجی چەمکی دەوڵەت بە مانای کیانی سەربەخۆی کوردی لە شیعرەکانی ئەحمەد بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و لە جیاتی ئەم چەمکە چەمکەکانی وەتەن، خاک،

نیشتمان جێگەی دەگرێتەوە. "بۆ وەتەن من ڕۆژێ سـەت جار ڕۆحی خۆم قوربان دەکەم". (ئەحمەد، ١٩٨٦، ٨٨) ئەمەش ڕەنگە دوای ڕەگـداکوتـانی دەوڵەت نەتەوەی مـۆدێـرن لە سـەر خـاکـی کوردسـتان بە تایبەتی دەوڵەتی عێراق و ئێران بووبێت و چیتر ئومێدی ئەوە نەمابێت کە کورد بتوانێت ببێتە خاوەنی کیانی خۆی.

لای ئەحمەد سـەربەخۆیی هەم بە مـانـای ڕزگـاربوون لە ژێردەسـتی ئەوی تر و هەم خاوەنی خۆبوون بە مانا بەرفراوانەکەی ئامادەیی هەیە. "گـاهێ حەملە ڕوو بەڕووی ئێران، گەهێ تورکان". (ئەحمەد، ٨٨) مامۆسـتا سـەجادی پێی وایە ئەحـمەد تـوانـیـویەتـی مـرۆڤ و خـاک و نیشتمانپەروەری تێکەڵی یەکتر بکات. "بە خوڕایی لە دەسـتی مەدەن ئەم خاکە شـیرینە کە تۆزی وەک جەواهیر سـورمە و کوحلی بە سـەرتانە". کەواتە ئەحـمەد هەنـگـاوێـک لە ئـاراسـتەی نـاسـیۆنـالیسـتی خـانی/حـاجی بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و بەرەو نیشـتمانپەروەری هەنگاو دەنێت و ڕەگە سـیاسـییەکانی خۆی ون دەکات. ئەمە پێچەوانەی تیۆریی ڕەوتی نەتەوەسازییە کە

دەرچوونە لە نیشتمانپەروەری بەرەو ناسیۆنالیزم بەو مانایەی کە ڕێنان ئاماژەی بۆ دەکات. (رێنان، ٢٠٠١، ١٨٣) چونکە نیشتمان چەمکێکی پەیوەست بە خاک و سروشتە لە خەیاڵی تاکەکاندا، بەڵام نەتەوە چەمکێکی زهنی و خودییە سەبارەت بە بوونێکی وێنەی گشتێنراو، یان هەروەک هیردەر (١٧٤٤-١٨٠٣) جەختی لەسەر دەکاتەوە تایبەتمەندییەکی ئۆرگانی هەیە و سروشتی خۆی بە هۆی زمان و کولتوورەوە دەناسێت. (باربییە، ١٣٨٦، ٢١٣)

## 2-2-1- 1- جوگرافیای خەیاڵکرد و گەشەی کورد:

چەمکی وەتەن یان نیشتمان، ئەحمەد بەرەو خاڵێکی گرنگی نەتەوەگەراییی کوردی دەبات کە پێشتر لای خانی و حاجی وەک چەمک قووڵ نابێتەوە ئەویش وشەی "کوردە". لە شیعرەکانی ئەحمەددا کورد مانایەکی ئەبستراکت وەردەگرێت و چیتر وەک کۆی خێڵ و قەبیلەی ئەکراد نابینرێت، بەڵکوو دەبێت بە وجوودێکی کۆنکرێتی

پێناسەکراوی جێگرتوو. "لە خەو هەڵسن 'میللەتی کورد'، من کە 'کوردم' حەز لە "خاکی پاکی" یان "بەرزی خاکی" کوردستان دەکەم یان دەڵێت شێتی چاوی لەیلی 'کوردم'، داخی "کوردی" فەخرە ئێستا. (ئەحمەد، ل ٨٨) ئەمە دواتر دەبێتە ئیلهامبەخشی هێمن موکریانی و لە شیعری "تینوی ئازادی"دا، تەنانەت ناوی ئەحمەد موختار جافیش دەگۆڕێ بۆ "ئەحمەدی موختاری کورد". (هێمن،٢٠٠٣، ١١٤) و بە ئاگاییەوە جەخت لەسەر وشەی "کورد" دەکاتەوە دەبێتە چەمکێکی داکوتراو و "کوردبوون" بەردەوام ناوەرۆکەکەی پڕ دەکاتەوە. (هێمن، ٢٠٠٣، ١٦٧) ئەم خودئاگایی و هۆشیارییەی ئەحمەد لای هێمن وەک ئەزموون بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینێکی نوێ لێکی دەداتەوە.

خاڵێکی تر وەک نەریتی شاعیرانی نەتەوەیی کوردی قسەکردنە لەسەر جوگرافیای سیاسی و دیمۆگرافی کوردستان وەک جوگرافیایەکی خەیاڵی ناو هەست و سۆز و یادەوەریی شاعیر. "ناڵەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە" و جارێکی تر سنووری خاکی کوردستان وەک حاجی دیاری دەکات و وەک خانی داوای "

ئیتیحادی کوردی خۆمان و ســنه و بۆکان دواتر بۆتان" دەکات. (ئەحمەد، ٨٨ و ١٣٤) لەویشـــەوە پێی وایە ڕۆژێ دێت ئەولادی کورد دێنە مەیدان و بە "عیلم و ســـەنعەت و عیرفانەوە" و هەموو خاکی کوردستان یەکدەخەن.

هەر وەک چـۆن لە مـێـژووی ئەوروپـادا ناسـیۆنالیزم لەگەڵ شـۆڕشـی زانسـتی و گۆڕانی پەیوەندیی ئابووری-سیاسیدا دێتەئارا، شاعیرانی نەتەوەیی کوردیش بەردەوام داوای ئاگایی واتە دەرچوون لە نەزانی دەکەن، چونکە ئاسـتەنگن لە بەردەم هەر سێ چەمک و بواری بەردەوام ئامادە بۆ سەردەمێ مۆدێرن وەک منداڵدانی ناسیۆنالیزم واتە "عیلم و سنعەت و عیرفان".

خـاڵی جێگەی تێڕامـان ئەوەیە ئەحمەد، چەمکی "دەوڵەت" بەکـار نـاهێنێت، پێی وایە نەوجوانـانی وەتەن، ئەم میللەتە یەکدەخەن هەر لە کرماشانەوە هەتـا ورمێ و وان و جەزیرە و زاخۆ و خـاکی کوردسـتان بە بابان گرێ دەدەن. وەتەنێک بونیاد دەنێن قیبلەی کوردانە و لەشـــکرێکی مۆدێرن و ڕێکخراو دروســت دەکەن. لە کۆی شــیعرەکانیدا ســـەرەڕای ئەوەی ڕەگی ســـیکۆلاریزم وەک

ڕەهەندێکی ناسیۆنالیزم لە بیروبۆچوونی ئەحمەد بە ڕوونـی بەرچـاو دەکەوێـت، بەڵام خـاکـی کوردسـتـانە نەک دەوڵەت دەبێتە "مەزهەب و ئیمانەکەی".

## 2-2-1-2- خەیاڵی زانست و لێکبەستنی میللەت:

هەر وەک ئاماژەی بۆ کرا، زانست و پێشکەوتنی پیشـەسـازیی چاپ ڕێگەی سـەرەکی بوو بۆ گەشـەکردنی ناسـیۆنالیزم و سـەرهەڵدانی نەتەوە، کە هەم دەبێتە هۆی ئاگاییی تاک و دەرچوون لە سیستەمی پێش سەرمایەداری کە دەرەبەگایەتییە، هەم لە پێناو لێکبەسـتنی هەموو ئەندامانی جڤاکی کۆمەڵگـا کـار دەکـات. لە دایکبوونی "جڤـاتی فانتازی" لەسەر بنەمای نەتەوە بە باشترین شێوە لە ڕۆمان و ڕۆژنامەدا دەکەوێت ئەم دوو شێوازە، ئامرازی تەکنیکیان پێشـکەش کرد بۆ دووبارە پێشـکەشـکردنی جۆری جڤاتە خەیاڵکردەکان imagined community کە بـریـتـی بـوو لە "نەتەوە". (انـدرسـن،١٩٩٩، ١٤) ئەحـمـەدیـش ڕۆژنـامە وەک ڕایەڵەی لێکبەسـتنی میللەت و

چرای ڕۆشنکردنەوەی عەقڵ لێکدەداتەوە و کاتێ پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) وەک بونیاتنەری ناسیۆنالیزمی شار و زیندووکەرەوەی بۆنە و یادەوەریی سیاسی، چاپخانەی ژین لە سلێمانی و ڕۆژنامەی بانگی کوردستان دەردەکات، ئەم شاعیرە مونەوەرە و زانستپەروەرە بە هۆکاری پێشکەوتنی دەزانێت و ئەمەش دەبەستێتەوە بە مۆدێرنیزەکردنی کوردستان و تەعمیرکردنی موڵک و دروستکردنی ڕێگەی ئاسن بە جۆرێک هەموو کوردستان لێکببەستێت.

ڕوانگەی ئەحمەد بۆ زانست دەشێت بە زانستگەرایی، واتە جۆرێک پیرۆزی بەخشین بە زانست ناوزەد بکەین کە بۆ "دیفاعی تیغی دوژمنان قەڵغانە و جەهل و ئەسیربوون دەخاتە بەرامبەر عیلم و زەفەر و ڕێگەیە بۆ دەرچوون لە "چەند ساڵە ئەسیریی پەنجەی دێو". (ئەحمەد، ٣٥ و ٨٦) سەرەڕای پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کوردانەش بە خاڵێکی ئەرێنی لێکبەستن و تۆکمەبوون دەزانێت و پێی وایە دەبێتە هۆی بناغەی عیلم و سنعەت و سەبەب بۆ حوڕ ژیان.

ئەمەش لە ڕوویەکی ترەوە بە مانای ڕۆشنگەری و بالادەستی عەقڵە، کە "غەیری مەکتەب، هیچ عیلاج و سیلاحێکی نییە" بۆ وەتەنێکی نەخۆش، کە پێویستە پزیشک و کەسانی منەوەر و دانای ڕێبەرایەتی بکەن.

## 2-2-1-3- ئەحمەد لە نێوان شۆڕش و نیهیلیزمدا

ئەحمەد کاتێک یەکێتیی کوردان و ڕابوون نێو شیعرەکانی و واقیعی کورد بەراورد دەکات و هیچ هاوجووتییەک نابینێ و "لەخەو هەڵناستێت میللەتی کورد"، تووشی جۆرێک لە نیهیلیزم دەبێت و تێکەڵ بە نۆستالژیا و توندڕەوی دەکات "ئارەزووی دەوری تەرەکی حاکمی بابان دەکەم". لە داخی دەهری دوون خەریکە فەلەک بە سەر خۆیدا بڕووخێنێ، بەڵام تا کۆتایی پایەدارە بە بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆی، بە نامەردی خۆی لەقەڵەم دەدات ئەگەر بێتو "شانی لەبەر ئەم بارە ببزێوێ". ئەمەش بەرەو جۆرێک لە توندڕەوی نەتەوەیی دەبات و دەڵێت بۆچی دیلی

قەومی نەزانن لە کاتێکدا خۆتان لە قەومی کاوەی ئاسنگەرن و دیجلەی "ئەوانی تر" چڵکاوی "وان"ی کوردە یان دەڵێ: "چلۆن دەیدەم بە خورمای قاچ و قول ڕووت/ قەدی بەرزی چنار و گوێز و هار ژەنگ" یان "نا وەجاخییە هەر کەسێک خزمەتی "غەیری خۆی" و ئیتاعەی "دوونان" بکات". هەڵچوون و داچوونی شاعیر لە نێوان واقع و ئەو ئایدیالەی لە خەیاڵیدایە بەردەوام لە نێوان نیهیلیزم و شۆڕشگێڕیدا جووڵەی پێ دەکات، ڕوو لە شار و موڵکی ئامەد و شاری سلێمانی و سابڵاخ دەکات بۆ یەکێتی، بەڵام کاتێ دونیای دەرەکی ناتەبایە لەگەڵ جیهانی ناوەوەی شاعیر و هیچ لە یەخسیری ئەو ناگۆڕێت دەڵێ: "گەر لە مەحبووسی خەلاس بم دوشمنانم پەت دەکەم". (ئەحمەد، ل ٩٤ و ١٠٧)

بەشێک لە خەونی دامەزرێنەرانی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی خانی/حاجی لە بیرکردنەوەی ئەحمەددا ئامادەیییەکی بەرچاوی هەیە "ئیتتفاق" و "ئیتتیحادی میللەت" سەرەڕای باڵادەستی نەزانی وای کردووە پرۆژە سیاسییەکەی ئەحمەد ناتەواو بمێنێتەوە، بەڵام

"خودی کوردی" لای ئەو پێگەیشــتووە بە ڕوونی هێڵی نێوان 'من'ی کورد و 'ئەوی تر'ی ناکوردی دیــاری دەکــات، بەڵام دیســــــان بەهــۆی چوارچێوەکان و قاڵبی شــیعری و "قافیەی تیکرار و تەنگەبەرەوە" (ئەحمەد، ٥٥-١٤٢) ئەم ناوەرۆکە ڕوونە لە سنووری بەرتەسکی هۆنراوەدا لەمەندە زیـاتر دەرنـابڕدرێ. زمـانی ئـاگـاییی ئەحمەد و جەختکردنی لەســەر کوردبوون لەســەر خاک لە دەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، و عەقڵی تـاک کە دەبـێــت لە ڕێـگەی زانســــــت و عـیـرفـانەوە ناوەرۆکەکەی پڕ بکرێت و هاوکاتیش ســــەنعەت ببێت بە بەشــــێک لە ژیان، خـاڵی جیاکەرەوەی هزریەتی، بەڵام هەموو ئەمانە لە سنووری شیعر و فەلسەفەی ئاگاییدا دەسووڕێنەوە.

## 2-2-2- قانع له چاوەڕوانی "شۆڕش"ێکی ڕادیکاڵدا

### 2-2-2-1- خود و ئەوی تر

قانع (١٨٩٨ – ١٩٦٥) پێیەکی لەناو هزری جیهانییه که لەناو ئاگاییی ڕۆشنبیراندا جووڵەی کردووه به مانا سادەکەی، و پێیەکی تری لەناو کێشه کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردەواریدایه به مانا هەره قووڵەکەی. لەڕووی ئۆنتۆلۆژییەوه گرفتی "خۆدۆزینەوەی کورد" کێشه گەورەکەیەتی و پێی وایه دەبێ کورد "ئاڵی خۆی بێت نەک زەلیلی باری ئەویتر". (قانع، ٢٠١٤، ٤) واته له نێوان کێشه لەگەڵ ئەوی تری "ڕۆم و عەجەم" وەک قەوم، "عوسمانی و سەفەوی" وەک مەزهەب، "ئێران و تورک" وەک نەتەوه، یان "ئەنقەره و تاران و بەغدا، وەک مەنبەعی زوڵم و ستەم" (قانع، هەمان، ١٢٢) وەک دەرکەوتەی ناسیۆنالیستی، ئاراستەی شیعرەکانی که هەمان گوتاری سیاسیی زاڵی سەردەمی خۆیەتی ڕوو له ناوخۆ دەکات و "خودی کوردی" و خودی خۆیشی دەداته به ڕەخنه. هەر بۆیه لێره «سنووری نێوان خود و بابەت دەبێته پردی

ئـاوێتەبوونی نرخە ئەخلاقییەکـانی شـــــاعیر و مۆڕاڵی دەستەجەمعی و ئازاری خۆی و نیشتیمان دەبن بە یەک». (بەختیـار، عەلی، ١٣٥) بە دوای "وەتەن" یـان نیشـــتمـان"دا دەگەڕێت و ڕوو لە "کورد" دەکات و خۆی "ســـەری پڕ لە ســـەودای نیشـــتمانە". لە ئاســـتی دەرەکیدا کاریگەرە بە شـــۆڕشـــی ئۆکتۆبەری ڕووســـیا ١٩١٧ و بـڵاوبـوونەوەی ئەو ئەوەی ئەو بە "قـانـوونـی سـۆشـیالیسـتی" ناوزەدی دەکات و گوتارەکەی، هەربۆیە ئەمە دەکـات بە ئـامرازێکی مەعریفی-شـــیعری بۆ دژایەتیکردنی ســـیســـتەمی دەرەبەگـایەتیی زاڵی ســـەردەمی خۆی و بیر و بـاوەڕی خەڵکخەڵەتێنی ئـایینی و "کەشـــیدەی فرتوفێڵ. پەیوەندییەک لە نێوان "کـاکی مـالیک و دینی خوێنمژیی بێدەســـەڵاتـان". دەئـافرێنێ، کە هێزی دەرەکی واتە کۆلۆنیالیزم پشـتی سـیسـتمی دەرەبەگایەتی گرتووە و دەسـەڵاتی سیاسـی زاڵی کردووە بە "نۆکەری واڵ ســـتریـت". (قـانع، ٨-١٢٣) ئەگەرنا بە ئاســـانی دەرووخێت. بەم جۆرە لە پڕۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی خـانی و حـاجی و دواتر نیشتمانپەروەری ئەحمەد، ئێستا ئاراستەی ڕەوتی ئاگاییی نەتەوەیی کوردی بەرەو شـــێواو

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسیی کوردی دەچێت و کێشەی چینایەتی دێتەسەرەوە.

## 2-2-2-2-لە نێوان نەتەوە و چینەکان

قانع لە چەمکی "نەتەوە" وەک چەمکێکی ئەبستراکتی هەمەکی کە هەمووان لە ژێریدا یەکرەنگن و جیاوازییەکان ون دەبن، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-چینایەتی کۆمەڵگا هەڵدەداتەوە، هەر بۆیە چەمکی "کورد" مانایەکی تایبەت و چینایەتی وەردەگرێت و دەبێت بە بەشی "چەوساوەی کۆمەڵگا"، "چینی جووتیار" و " کرێکار" دەبن بە سیما و جەوهەری چەمکی نەتەوە. (قانع، ٩) ئەمەش گۆڕانێکی تری ڕەوتی ناسیۆنالیستیی کوردە لە دیوانی ناسیۆنالیزمی کورددا. ئەگەرچی یەکێتی و دۆستایەتیی خەڵکی بەناخی فەلسەفەی ئەفکاری قەومی و ناسیۆنالیزم تێدەگات و هەر چەند پێیوایە ئەوەی "بێ دەوڵەتە، سووکتر لە کایە". (قانع، ٣٠٧) بەڵام لای قانع "چین" دەکەوێتە پێش "نەتەوە" و دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دەخوازێ، دەوڵەتی وەرزێڕ و جووتیار و گاوان

و بەردەوام "وەتەن" و "دایکی وەتەن" و "نیشتمان" جێگەی چەمکی "دەوڵەت" دەگرێتەوە.

ئەوەی لە هزری قانعدا دەبێت بە سەنتەری بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی چەمکی "شۆڕش"ێکی ڕادیکاڵە کە هەم سیستەمی سیاسی و هەم سیستەمی ئابووری- کۆمەڵایەتی تێکدەشکێنێ. واتە "شۆڕشی ناڵین و بتپەرستی" دەگۆڕێ بۆ شۆڕشی چینی زەحمەتکێش. چەمکەکانی (کار، کرێکار، هێزی بازوو، بێکاری، هێزی باوەڕ، هەژاری) و بەرژەوەندیی گشتی (قازانجی عمومی) جووتیار و پاڵ و ڕەنجبەر و گرووهی برسی لە چەمکی کۆمەڵایەتی- ئابوورییەوە دەگۆڕێن بۆ چەمکی سیاسی کە ئەگەری گۆڕانیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە لە ڕێگەی هۆشیاری و زانینەوە. پێیوایە "هەر زەمانێ چاوی بەربوو کوردی ڕەندی هۆشیار" ڕاپەڕین و شۆڕش سەر هەڵدەدات. (قانع، ٢٣٧) ئەم ئاگاییە سەبارەت بە "خود" شۆڕ دەبێتەوە بۆ پرسی "جێندەر و ڕەگەز" و دەبێت بە بەشێک لە خەباتی چینایەتی و شۆڕش دژی خێڵ و عەشیرەت و دەرەبەگ و سەرەتای دروستکردنی

"وەتەن" و ئاگایی سەبارەت بە نیشتمان کە بە هاواری "ئەی وەتەن" دەریدەبڕێت و ئەمەش هاوشانە لەگەڵ ئازادی و ڕیفۆرمی ئابووری و زەوی و زار.

کەواتە قانع کۆمەڵگا وەک کوتلەیەکی یەکانگیر نابینێت، بەڵکوو لە نێو دوالیزمێکی پڕ لە دژایەتیدا لە نێوان (سەپان/میر، خان، ئەشرەف/ جووتیار، ئەعیان خانەدان بەگلەر کوڕەئاغا توججار/ کرێکار و زەحمەتکێش) لە جووڵەدایە، هەربۆیە داوای ڕووخاندنی قەسر و کۆشکی لۆردی شاران و دارشتنی کۆشکی یەکسانیی ژیان دەکات.

## 2-2-2-3- جوگرافیای خەیاڵکرد و کۆلاژی مێژوو

یەکێک لە بنەڕەتەکانی ناسیۆنالیزم یان ئاگاییی نەتەوەیی دروستکردنی جوگرافیایەکە کە دژی جوگرافیای فەرمی/سیاسی داسەپاوە، سنووری خاکی وەتەن بە جۆرێکە کە شاعیر خۆی وێنای دەکات و وەک حەقیقەت دەینەخشێنێ و وەک

بەڵگەنەویسـت سـەیری دەکـات، چونکە سـەرحەدێکی سـروشـتی/ دیموگرافییە. لەم سۆنگەیەوە قانع بانگ دەدات کە لە "کوردستانی خوار و ژوورو شـۆڕش بکەن لە ڕووی نەزانین و جەهلدا و تۆوی نیفاق و ئەجنەبی دەرکەن هەتا سنوور". بە شیعر باسی سنووری کوردستان دەکات، بەڵام نایبەستێتەوە بە "دەوڵەت" بەڵکوو بە "خاکی کوردان" ناوزەدی دەکات. (قانع،٤٦٧) ئەم جوگرافیایە دەبێت بە جوگرافیای خەیاڵکرد کە سنووری نێودەوڵەتی دەسڕێتەوە و دەبێت بە بەشێک لە ئاگاییی سیاسیی نەوەکانی دواتر و هەر وەک هێمنیش پاشتر پێیوایە هیچ کەسێک ناتوانێ بێت بەرەو "سنوور و سەرحەدی خاکی وەتەن". (هێمن،٢٧٠٨، ٣٨٨)

بەم جۆرە بەرهەمهێنانی ئاگایی دەبێتە خاڵێکی گرنگی خەیاڵی شیعری قانع، بۆ نموونە چەمکی "نەورۆز" پەیوەست دەکات بە ئەفسانەی زوحاک و کاوە و ناوی دەنێت جەژنی لاوان و جەژنی میر و گاوان، بەڵام لە جەژنێکی نەتەوەیییەوە دەیگۆڕێت بۆ "کاتی کشتوکاڵ" و کاتی "کار" و پێیوایە هەر کەسێ نانی هەبێ جەژنی ساڵیەتی.

ئەوە جگە لەوەی جەژنی ڕاســـتەقینە "خوێندن و هۆشیارییە".

بەشێک لە یادەوەریی شاعیرانی کلاسیکی کورد بە تـایبەتی لەســـەر ئـاســـتی نەتەوەیی لەژێر کاریگەریی "شــانامەی فیردۆســی"دایە و قانعیش لەســـەر هەمان هێڵ هەوڵ دەدات، مێژوویەک لە نێوان ئەفسانە و ڕاستی کۆلاژ بکات، کە یارمەتی ئەفســـانە و خەیاڵی ناســـیۆنالیســـتی و ڕەگی هاوبەشی نەتەوە دەدات. ڕۆستەمم و ئەفراسیاب و کەریم خانی زەند و ئەردەڵان و ســـەڵاحەددین لێکگرێ دەدات، مێژووی کۆنی کورد و میرانی ڕەواندز بە شـــیعر دەهۆنێتەوە. (قانع، ٥٢٩) هەر بۆیە «ململانێی نێوان لۆژیکی وێنە و حەقیقەتی واقـیـع تەواوی ئەزمـوونـی قــانـع و کـێشــــە ویژدانییەکانی ناو شـــیعری ئەم شــــاعیرە داگیر دەکات». (عەلی، ل ١٠٢-١٠٣.) یۆتۆپیای وێنەیی ناو خەیاڵی شــــاعیر و تراژیدیای ژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردەواری واتا پرۆسەی بەئایدیالکردنی واقیع و وێنە بەرهەمهێنراوەکانی خەیاڵی شــاعیر لەژێر کاریگەریی ئەفســـانە و وێنەی نەتەوەکانی تردایە کە ئەویش بەرهەمی ئەفســـــانەی وەک

شانامەی فیردۆسین. ئەم کۆلاژە مێژووییە کە لە ژێر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی ئەوانی تر سەریهەڵداوە، دەیەوێت شـانازی نەتەوەیی و ڕابردوو بکات بە ئـاوێـنەیەک ئـێسـتـای پـڕ لە قەیـران و پارچەپارچەبوونی پێداپۆشێت.

## 4-2-2-2- شیعر و نیهیلیزم

پەیوەنـدی ئـاڵۆزی نێوان "کورد" و "وەتەن" و "چینەکانی کۆمەڵگا" لە شیعری قانع دا بە جۆرێکە کە "کوردی سـەراسـیمە لە ژوور و خواروو" هۆکـاری زەلیلی و زەبوونییەکەی بۆ بیڕەونەقی کۆمەڵی "کوردانـی هـونەروەرە" دەگەڕێتەوە و کێشـەی جەوهەری کورد "خۆکردە نە خواکرد"، هەر بۆیە قانع لە "خودێکی کوردی نموونەییەوە" کە سابیتی کردوە لە گشت کەس چاترن" بەرەو جۆرێـک لە نیهیلیزم دەڕوا، دونیـای خۆزگەی شـیعری و یۆتۆپیایەکە بەرەو هەرەس دەچێت و پێیوایە "ئەمە بەردی داماوییە لە ئەژنۆی دەدات" و سـەردەمێک کە پێیوابوو هۆنەر یا شـاعیر "ڕۆحی ڕەوانی فەرهەنگە" ئێسـتا لە جیهانی

خودی قانعدا "شیعر و ڕاستی و حورمەتی خاک و دیار" بێ بایەخ بوونە.

ئەگەر لە ڕووی کۆرنۆلۆژییەوە سەیری شیعرەکانی قانع بکەین، بێ ئاکامبوون و سەرهەڵنەدانی شۆڕشێکی ڕادیکاڵ کە زەمەنێک تەنانەت لە دووتوێی پێنج خشتەکی تێکهەڵکێش وەک دەقێکی نێوانشیعری و مۆنۆلۆگی نێوانخودی لەگەڵ بێکەس و ئەحمەد موختار جاف، داوای "شۆڕشێکی ئاگرین و ڕاپەڕین لە خەوی غەفڵەتیان دەکرد" تووشی نیهیلیزمی دەکات و چەمکی ئازادی بەرەو پووکانەوە دەچێت. لە کاتێکدا پرۆسەی نووسین و پرۆسەی حەقخوازی لای قانع یەک شت بوو. (قانع، هەمان، ٥٠) ئۆخەی دەکات کە دوورە لە فەلسەفە، چونکە سەرچاوەی کوێرەوەرییەکانیەتی و هۆشیاری بارێکی گرانە و "فەلسەفە و شیعر و هونەر" هیچ بایەخیان نامێنێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە پێشتر کە ببوون بە بنەمای سیاسەتی ئازادیخوازی. هەڵنەگیرسانی شۆڕش پەیوەستە بە ململانێیەکی ناهاوسەنگی چینایەتی و نائاگاییی سیاسیی کوردەواری و ئەمەش وادەکات ئاگاییی ڕەنجاوی

حاجی یان هەمان بەریەککەوتنی نێوان واقیع و جیهانی ناوەکیی شـــاعیر، لە پڕۆژەی شـــیعری قانعدا ڕەهەندێکی پێچەوانە وەربگرێت و پرۆژەی بونیاتنانی نەتەوە بەرەو ڕەشـــبینی بچێت. ئەگەر لای شـاعیرانی پێشـوو قاڵبی شـیعری تەنگی بە ئـایـدیـا هەڵێنـابێـت، ئەوا لای ئەو خودی ئـایـدیـا دەبێت بە کێشە.

## 2-3- پەڕینەوە بەرەو کردە و فەلســـەفەی نێوانخودی

### 2-3-1-تەوەری یەکەم: بێکەس.. پراکســـیس و بەرەنگاری

فایەق بێکەس (١٩٠٥- ١٩٤٨ ) هاوشانی قانع لە شـیعرەکانیدا دەبێت بە دەنگی چینی چەوسـاوە و پەیـامی "تێکۆشــــان و کردە" وەک بەرەنجـامی شــیعرەکانی خۆی دەخاتەڕوو، چەمکی "میللەت" گەلاڵە دەکــات، وەک بەرهەمێکی کولتوری- سـیاسـی کە دروسـت دەکرێت. داوای هیممەت و غیرەت و تێکۆشــــان دەکات، لێرەوە جارێکی تر بێکەس بە شـیعر "ڕاپەڕین و شـۆرش" و ڕابوون

له "خەوی جەهل" دەکات. (بێکەس،۲۰۰۵، ٦) وەک شـــاعیرانی پێش خۆی جەخت لەســـەر "عیلم و ســـەنعەت" دەکـاتەوە، لە وڵاتێکدا کە "ئەجنەبی" حوکمی دەکات و بۆ "تەرەقی قەومی کورد" و بە دەســـتهێنانی "حقووق" دەبێ میللەت تێبکوشـــێت. پێیوایە بە"ئیتتفـاق" بەرەو هۆشـــیـاری دەچین و هێشـــتا "قەتعی ئومێدی ســـەربەخۆیی" نەکردووە. له هزری سیاسیی بێکەس خود-ئاگایی ئاستێکی بەرزتـر دەبـڕێـت و "بـرایەتـی گەلان" دەخــاتە بەرانبەر دەرپەڕاندنی کۆلۆنیالیزم.

## 2-3-1-1- میللەتی پارچەکراو و کردە

یەکێک لە دیارترین شـــیعرەکانی بێکەس واتە "ئەی وەتەن" وەک مانیفێستی سیاسی کە دەم بە دەم هەتا ئێســتاش دەوترێتەوە و پڕە لە هەســتی نیشـــتیمانپەروەری و خاڵی جیاکەرەوەی بێکەس ئەوەیە کە پێیوایە بۆ خاکێکی چەوساوە و دیل و "میللەتێکی لەت و وپەتی مــافخوراو" و "کوردی سەرشێواو و کوردستانی لەت لەت" (بێکەس،۱۷-۳۹)، بانگەشەی نەتەوایەتی تەنیا بەدەم ناکرێت و

پێویســـتی بە خەبات و کردەوەیە. ئەم خەباتەش واتە پــێــداکــوتــان لە واقــیــع و دووبــارە خۆدروســـتکردنەوە. هەروەک فیختە دەڵێت دەبێ گەل بەردەوام «لە ڕووی مەعنەوییەوە خۆیــان بەرهەم بـێـننەوە». (فـیـخـتە، ١٩٧٩، ٢١٩) ئەم خۆبینن و دیاریکردنی ئێستا لە پراکسیسدا لای بێکەس دەکەوێتە بەرامبەر جووڵەی وەفـدی کوردســـتـــان و عێراقچیەتی و پێیوایە نــابێ بەرهەمی خوێنی لاوان "ببرێتە بەردەم عەرشـــی عێراق". (بێکەس، ١٦) بێکەس لە ســـیـاســـەتی جیهانی و پەیوەندیی زلهێزەکان و بەرژەوەندیی وڵاتانیش ئاگایە و جەخت دەکاتەوە کە "حوریەت و عەدالەت درۆیە، بێ ئەســاســە/ ژیانی کامەرانی بە هەوڵ و ڕەنجی شانە" "ئیشکردن" لە سەردەمی "خێرایی" و "گەلی چالاک" و ڕابەری بەهێزە، کە "میللەت" دەئافرێنێ. ئەوە کۆکە لەگەڵ جەوهەری هەندێ تیۆریی نــاســـیۆنـالیســـتی کە خەخـت دەکاتەوە کە دەبێ دەسـەڵاتی سیاسـی لە ڕێگەی ئوتۆریتەوە خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەو کەسانەی کە بە ویسـتی خۆیان شـەرعیەتیان پێبەخشـیوە، واتە لە ڕووی فەرمییەوە خاوەن ویستێکی ئازادن هەر بۆیە «نەتەوە دەبێتە گەلێکی ئـازاد کە

حوکمی خۆی دەکات». (هرتز، هەمان، ١٢-١٣) لە شیعرەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە دوای جەنگی گێتی و دامرکانەوەی شـــەڕ هەمووان بە مافی خۆیان دەگەن تەنیا کورد بە هیچ ناگات، چونکە نیشــتمانپەروەر و ڕۆشــنگەر و ڕێبەری لە نێودا نییە و نـاتوانێ تۆوی نـاکۆکی هەڵکەنێ. واتە نە خاوەن دەسەڵاتی سیاسییە و نە ئازادە.

خـاڵێکی جێگەی تێڕامـان لە نێوان خـانی و حـاجی و قـانع لە لایەک و بێکەس لە لەیەکی تر سـەبارەت بە سـەرکردە ئەوەیە، بێکەس لە جیاتی ســـەرکردە بە دوای "پیاوی مونەوەر" و "فیکرەی میللیەت"دا دەگەڕێت. (بێکەس، ٤٣) ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نەوەی پێش خۆی درێژە دەدات کە "ڕاپەڕین لە خەوی نەزانی" پەیوەســـتە بە عیلم و ســـەنعەتەوە، خود-ئاگایە بە ســـەردەمی خۆی و دەزانێت ســـەردەمی پیشـــەســـازی و تەکنەلۆژی دونیای داگرتووە و "هۆش و بیر و پیاوی ژیرە" کە ئازادی دەخوڵقێنێت. چونکە هەر وەک جەمال نەبەز دەڵێت ئازادی کە خۆی تایبەتکاری مرۆڤی ژیرە- مرۆڤی ژیریش هەر بەم پێیە ئەو مرۆڤەیە کە دژی ئـازادی نەبێ. (نەبەز، ١٩٨٥، ٨٧) هەر

ئەمەشـــە ڕزگاریی نەتەوەیی لێ بەرهەم دێت، چونکە بۆ گەیشـــتن بە مافی نەتەوەیی نۆکەری نەکردن بۆ بێگـانە و یەکێتی و بەرزڕاگرتنی "ســـەنعەت و عیلم و مەعـاریف" دەبێـت بە دامەزرێنەری ئەخلاقی نەتەوەیی و "میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق" بە ســـەربەخۆیی ناگات. ئەمە بە دابڕانێکی ڕادیکاڵ دادەنرێت لەمەڕ تێگەیشـــتن لە ئەخلاقییاتی نەریتی کە خۆی لە ڕواڵەت و "چەفتە و جامانە"دەبینێتەوە. بە بۆنەی هاتنەوەی تەرمی چوار ئەفســـەری کوردی کۆماری کوردســـتان بۆ ســـــلێـمـانـی هـاوار دەکـات قەومـی کـورد سەلماندویەتی کە شایستەی سەربەستییە، چونکە بە کردەوە چۆتە ناو سیاسەت و جەخت دەکاتەوە "ڕۆحی میللی" هەر دەمێنێ و دیلی نـایکوژێـت، بەڵام بە "شـــۆڕش" ئیســـلاحی قەوم و نیشـــتمان دەکرێت.

### 2-3-1-2- جەهل و دیلبوون

بێکەس دەگات بە خود-ئاگاییەکی قوڵ لە نێوان جیهانی دەرەکی و جیهانی شـیعری سـەبارەت بە

پرســـــی نەتەوایەتی و ســــەرەڕای ئەوەی خۆی شـــــاعیرێکی دیاری ســــەردەمی خۆیەتی، بەڵام جەخــت دەکــاتەوە کە "جەهــالەتی میللەت و کوردایەتی حەماسـی" کورد ناگەیەنێت بە ئازادی. (بێکەس، ٢٨) لێرە چەمکی "جەهــالەت" دەبێتە چەمکێکی سەنتەری دژی دەسەڵاتی ئەجنەبی، کە هەر ئەم دەســــەڵاتەش بەشـــێکی گرنـگ لە بەرپرســـیارێتییەکەی دەکەوێتە ســـەرشـــان و کـوردی کـردووە بە "دیـلـی عـێـراق و ئـێـران". (بێکەس، ٣٥) ئەم ئاگاییە لە ئەدەبیاتی ســیاسـی کورددا دواتر لای هێمن ســـەبارەت بە هەســـتی کۆیلەبوون و یەخسیری دەستی بێگانە، دەگۆڕێ بۆ چەمکی "دوژمن" و پاشــان هەردووکیان دەبن بە یەک. "دوژمنە بێگـانە" ئـاخر چۆن لەگەڵ وی هەڵـدەکەم". (هێمن، ٢٧٠٨، ٣٨٧) و لە دیـدگـای دڵـداری شـــــاعیری شـــیعری نەتەوەییی "ئەی ڕەقیــب"یش میللەت لە بەرانبەر دوژمن مــانــا وەردەگرێــت: "میللەت یەعنی بە نووکی ڕمبی دوژمن بێتە هۆش/میللەت یەعنی لە زڕەی تۆق و زنجیر ڕاپەڕێ". (دڵدار،٢٥٧٣، ٣٠)

تێگەیشـــتنی بێکەس بۆ "جەهــالەت" و ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە دژایەتی پێشـکەوتن و باڵابوون، ڕوونتر لە شــاعیرانی پێش خۆی دەردەکەوێت و هاوتا دەکرێت بە ڕۆڵی کەنیســـە لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـت و "دەوری پاپا و عەســـری ئیرهاب"، هـاوکـات ڕێگەچـارەکەشـــی دەبینێـت کە وەک "ئەوروپا دەبێ پاپا تەمێ بکرێت و دەسـت بدرێتە عیلم و فەن". وەک شاعیرانی پێش خۆی "مەکتەب و زانســـــت" دەبێتە مەرهەم و دەرمـانی دەرد و ڕێگەی لە خەو هەڵســـــان و زوڵمەت. ئەمەش یەکێکە لە پرســیارە ســـەرەکییەکان کە بەردەوام شـــــاعیرانی پێش خۆی کردوویانە و هەمیشـــــە هەستیان کردووە "میللەت خەوتووە"، لای بێکەس ئەم دەکەوێتە بەرانبەر کردەوە و پڕاکسیس، ئەوە جگە لەوەی یەکســـانیی جێندەری و تێکۆشـــانی کچان دەبێت بە بەشــێک لە ئەکتی ســـیاســـی. (بێکەس، ٦٦) و قوتــابخــانە دەبێتە نــاوەنـدی ســـەرەکیی پێگەیاندنی ســیاســی، کە شــیعری نەتەوەیی بناغەکەیەتی و قانع و بێکەس هەســتی نەتەوایەتی دەخەنە نــاو شـــیعری منـداڵان و پرســـیارە جەوهەرییەکان ســـەبارەت بە بوونی

نەتەوایەتی و خاکی وەتەن و پێگەی لە جیهاندا وەک وانە دادەڕێژن.

بێکەس کردە و پراکسیس دەخاتە پێش شیعر، بەڵام دواجار هەر بە شیعر گوزارشتی لە سیاسەت کردووە، هەر بۆیە جیهانی داڕێژراوی خەیاڵی شاعیرانەی بەرتەسکە و کەمتر پەرژاوەتە سەر کێشەکانی کۆمەڵگا. ئەگەر لە فەلسەفەدا زمان بکەوێتە خزمەت مانا و لە شیعردا مانا بەهۆی قاڵب و تەکنیکەوە سنووردار بکرێت، ئەوا بیرۆکە و ئاگاییی بەردەوام شێواوی دەبێت. ئەمە بە دیوێکیدا هەمان ئەو گرفتەیە کە مەسعود محەمەد ئاماژەی کردووە کاتێ دەڵێت: «بەشی زۆری ڕیزبوونی هەڵبەستەکان هەر ئەوەیە دوا پیت یان قافیەیان با بڵێین شینە یان واوە». (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٤٧) ئەمە ئەگەر بۆ ڕیزبەندی دیوانەکە ڕاست بیت ئەوا بۆ ناوەرۆکی شیعرەکانش ڕاستە، چونکە کێش و سەروا ئامادەییییەکی پێشتر لە واتایان هەبووە. هەر بۆیە ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی فەلسەفە هەروەک ڤیتگنشتاین ئاماژەی بۆ دەکات «شیکردنەوەی بونیادی زمان» بێت. (فرجی،١٤٠١، ٢٩٩) و

هاوکات ئاگاداری ســـیحربازی زمانیش بین دژی هۆش. (ویتگنشـتاین،١٣٨٩ ،١٠٢) ئەوا لە شـیعردا ئەرکەکە قورســتر و ئاڵۆزتر و پێویســتتر دەبێت، چونکە ســـنووربەندی ئاگایی لە شـــیعردا تۆخ و کاریگەرترە، ئەوە جگە لەوەی خود ســـــەنتەری هەموو چالاکییەکانە.

## 2-3-2-لە ئـاگـاییی خودی و شـــیعرییەوە بۆ سیاسەتی نێوانخودی

ئەگەر لە دیدی هابرماس هەموو فەلســـەفەی ئـاگـایی کە "کۆجیتۆی دیکـارتی" داهێنەریەتی لە قەیراندایە، چونکە بەرهەمی "خود-ســـوبێکت"ە لە ئـاگـاییی خۆیـدا، یـان پەیوەســـتە بە دەروونی نـووســــەرەوە، کە «زۆربەی بـیـروڕاکـانـی لە ســـــەرچـاوەی دەروونـی خـۆی و وتـوویـێـژی نـاوەکییەوە هـاتوون». (محەمەد،١٩٧٣، ٦) ئەوا شیعر کە کاریگەرترین چەکی سیاسیی سەردەمی ڕۆنانی نەتەوەی کوردە، زۆر شـۆڕشگێڕانەتریش بووە بە بەراورد بە شـیعری بۆ نموونە ئەورووپی کە هەر وەک هۆبزبـاوم ئـامـاژەی بۆ دەکـات لە

سەردەمی ناسیۆنالیزم، لە ناو ڕۆمانسیزمدا گیری کردبوو. ئەگەر شاعیرانی ڕۆمانسیزم بەرەو نەریتی دینی و غەیبانی و سرووتی ناوەکی و دەروونخوازانەی مەرموز و ناعەقلانی ڕۆژهەڵاتییانەی چووبێتن. (هوبزباوم،٢٠٠٧، ٤٨٤) ئەوا شیعری نەتەوەییی کوردی لە نێوان شۆڕشگێڕانەبوون و نیهێلزمدا گیر دەخوات، هەرچەندە بونیادی ئاگاییی سیاسیی کورد پێک دێنێت و توانیویەتی زمان وەک کۆڵەگەی وجودی کورد بپارێزێت و شوناسەکە گەڵاڵە بکات. دواجار ناگات بە سیاسەتێکی ڕادیکاڵ واتە دەوڵەتی نەتەوەیی کە ئامانجی پڕۆژەکەیەتی و لەناو "سیاسەتی شاعیرانە" یان فەلسەفەی ئاگاییدا ڕۆ دەچێت، لێرەوە بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە دەتوانین سوود لە تێزی "فەلسەفەی نێوانخودی" هابرماس وەربگرین.

## 2-3-2-1-دەرچوون لە سیاسەتی شاعیرانە

لەپێشتربوونی کارلێک interaction لای هابرماس پەڕینەوەیە لە خودێتی بەرەو جۆرێک

لە پەیوەندی کە لەسەر بنەمای دانپیانان دامەزراوە. (هابرماس١٩٩٩، ٤٩) لە دیدی ئەو مانا و حەقیقەت و مێژوو و تەنانەت "خود"یش ڕەها نییە و لە چوارچێوەی سیستەمی هزریدایە و تەونێکە لە میتافۆڕ و زاراوە کە قۆناغ و گوتارە باڵادەستەکە پێک دێنێ و ڕای وایە فەلسەفەی ئاگایی لە هەمەکیەتی خۆیدا بریتییە لە بیرۆکەی بە سەنتەریبوونی کۆجیتۆی دیکارتی کە "خود"ی بەرهەم هێناوە، بەڵام نەیتوانیوە جۆرێک لە سەربەخۆیی و بابەتیبوون بەرهەم بێنێت. (هابرماس، ٢٠٠١، ١٧١) چونکە جۆرێک لە مۆنۆلۆگێکە کە فەیلەسوف لەگەڵ خۆیدا ڕاڤەی دونیا دەکات، هەر بۆیە ئەم تێگەیشتنە بۆ (خود یان سوبێکت) بە جۆرێک لە قەیرانی مەعریفە دەزانێت کە لە نێوان میتافیزیک و فەلسەفەی ترانسێندێنتاڵیدا گیری خواردووە، واتە ئەو بنەمایەی بۆ مەعریفەیەکی بابەتی لەسەر "خود" داڕێشتووە لە ناو مۆدێلی فەلسەفەی ئاگاییدا پەکی کەوتووە.

ئەگەر ئەم تێزەی هابرماس لەسەر ئاگایی نەتەوەیی کوردی پراکتیزە بکەین کە بنەماکەی

لەسەر شیعر دامەزراوە، هاوکات چوارچێوەی دیدگاکەیشی بۆ بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت وەک کردەیەکی سیاسی، لە ناو فەلسەفەی ئاگایی و جیهانی شیعریدایە، کە تێیدا شاعیر خەریکی مۆنۆلۆگە لەگەڵ خۆی، کرۆکی کێشەکە دەردەکەوێت. هەروەک هابرماس ئاماژەی بۆ کردووە لە نێوان ڕوانگەی بکەری ناسکار (الذات العارفة) بۆ شتەکانی جیهان و بۆ خودی خۆی هاوجووتیەک لەئارادا نییە، هەر بۆیە پێشنیاری مۆدێلی لێکتێگەیشتنی نێوانخودی intersubjective communication دەکات. (هابرماس، ١٣٨٤،٦١٠)

کەواتە کاتێ ئێمە ناسیۆنالیزم یان هەمان ئاگاییی نەتەوەییی کوردی لە چوارچێوەی جیهانی شیعری دەردەهێنین، کە تێیدا خودێک وێنای جیهان دەکات و جۆرێک لە خود-ئاگایی بەرهەم دێنێت، دەپەڕینەوە بەرەو ئاگایی هاوبەش وەک بوارێکی سیاسی نێوانیخوادی و ئەخلاقی کە هەمان سیاسەتی ڕاوێژگەرییە Deliberative politics کە پشت بە

بەهێزکردنی ڕێسا و بنەما ڕێکارییەکان و دۆخی پەیوەندیکاری و کارلێک دەبەستێ. (Habbermas, fact, 298) ئەوا زمان و تێگەیشتنێکی جیاوازی سیاسی-کوردی دروست دەکەین کە گفتوگۆ و ڕای جیاواز بنەڕەتەکەی دروست دەکات و خودئاگاییەکی عەقڵانی پێک دەهێنێت. زمان دەبێتە پارادایمی لێکتێگەیشتنی پەیوەندیکاری بە یارمەتی نێوانخودی نەشێوێنراو (unversehrt) کە پارێزگاری لە خۆی دەکات لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی لێکتێگەیشتنێک کە لەسەر بنەمای دانپیانانی ئازاد دامەزراوە. (هبرماس، ٢٠٢٠، ٦١٠-٦١١)

بەم جۆرە ئەگەر خودسەنتەری لە فەلسەفەدا نیشانەی داخرانی بیرمەند بێت بەسەر خۆیدا، ئەوا تێزی شاعیرانە کە بنەڕەتی ئاگایی نەتەوەیی کوردە، دەبێتە زمانێکی لە قاڵبدراو کە ناوەرۆکەکەی بە هۆی فۆڕمەکانی ڕیتم و ئاواز و قافیەوە بەرتەسک دەکرێتەوە. کاتێ (خانی) دەیەوێت بونیادی پرۆژەی دەوڵەت دابنێت و لەگەڵ یەکەم چرکەساتی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی خود-ئاگاییەکەی دەپژێت، بەهۆی ئەوەی تەنیا

لە جیهانی زهنی خۆیدایە، نابێت بە سیاسەت بە مانا هابرماسییەکەی، چونکە ناپەڕێتەوە بۆ ناو پانتاییی "گشتی" و "نێوانی" و خستنەڕووی باشترین ئەرگۆمێنت و هەر لەچوارچێوەی جیهانی خودی و شاعیرانەدا دەمێنێتەوە. هابرماس پێیوایە دەرچوون لە فەلسەفەی خودی و تاک قسەکەری و بەرەو پەیوەندییەکی عەقڵانی نێوان زەینی، کەشێکی سیاسی واتە کارلێکی نێوان ویستەکان و ئاگاییەکان لە پێناو دیاریکردنی چارەنووس دەخوڵقێنێ کە بەردەوم تاکەکان بە هۆی تێگەیشتنی هاوبەش «ئامانجەکانی خۆیان لەسەر بنەمای پێناسەی هاوبەش» (هابرماس، ١٣٩٢، ٥١٧) و «لەسەر بنەمای ئەرگۆمێنتی جێگەی پەسەند» ڕێک دەخەن. (Habermas, 1984, 22) هۆگری پەیوەندییانە یان کردەیی بە هۆی دەزگا نێوانخودییەکانەوە بە ئاراستەی لێکتێگەیشتن دەڕواتەپێش. (اباذری، ١٣٨٩، ٢٨) ئەمەش بەرەو پەیوەندییەکی ئازادیبەخش و خودئاگاییی سیاسی دەچێت.

واتە ڕاستە ئێمە لە هزری سیاسیی (خانی) و (حاجی) و (ئەحمەد) و (قانع) و (بێکەس)دا، ئاگاییی ئازادیخوازانە و ڕزگاریبەخشیمان هەیە، بەڵام پێویستی بەوەیە بکەوێتە پانتاییی گشتی و دواتر ببێت بە کردەی سیاسی، بۆ ئەوەی بگات بە دوائامانج. بۆ نموونە (حاجی) پرۆژەی دەوڵەت/نەتەوە وەک دەرکەتەی ئاگاییی سەردەم دەخاتەڕوو، خەسڵەت و ناوەرۆکەکەی دیاری دەکات، بەڵام ئەمانە تەنیا لە جیهانی شیعری خۆیدا، کە دواتر بەشێکی گرنگی جیهانی ئاگاییی تاکی کوردیش دروست کردووە، ڕوو دەدات، زمانەکەی بەردەوام ئاگاییەکەی دەشوێنێت و دواجار دان بەوە دادەنێت کە ناتوانێ بە شیعر گوزارشت لە خۆی بکات و پێویستی بە گفتوگۆیە.

## 2-3-2-2- زمان و نێوانخودێتی نەتەوە

جەختکردنەوە لە سەر زمان وەک سیستەمی بیرکردنەوە لە دیدی هابرماس ڕەخنەی لێ دەگیرێت و پێیوایە «زمان بەستێنێکی هاوبەشی نێوان خودەکانە کە دەبێ هەموو کەسێک لە

ســـــەری بڕوات، پێش ئەوەی بتوانێ بکەوێتە ناو دەستەواژە و دەربڕینەوە سەبارەت بە ژیان، جا چ لە وشـــە یان هەڵوێســـت یان کردەدا خۆی بنوێنێ». (هـابرمـاس، ٢٠٠١، ١٨٨) واتە زمـان مـانـای تێدا بە هـاوبەش mediumنێوەنـدێکە دەکرێـت و پێیوایە زمـان پەیوەســـت نییە بە ســـیســـتمێکی ئەبســـتراکتی ڕێزمان، بەڵکوو لە بونیادی نێوانخودیدایە. (حســـین، ١٣٩٧، ٨٤) ئەم تێگەیشـــتنە بۆ زمان، کاتێ ئەرکێکی ســـیاســـی وەردەگرێت کە تەنیا وەک ســـیســـتەمی ئاماژە ســـەیر نەکرێت، بەڵکوو وەک پەیوەندی و مانا ســـەیر بکرێت، هەر بۆیە هـابرمـاس لە جیـاتی تیۆریی واقعیەتی حەقیقەت، پشـــت بە کۆدەنگی حەقیقەت دەبەســـتێت کە بەشـــێکە لە هەموو کردەیەکی پەیوەندیکاری. (ریتزر،١٣٩٣ ،٣٩٦) لە جیهانی-ژیندا کە نێوەندی کولتووری و سیمبۆلی بەرهەمهێنـانەوەی کۆمەڵگـایە. ( Habrmas, 1985,125 .)

ئەمە کاتێک بەسەر دیاردەی دەرکەوتنی نەتەوە لە ئاگاییدا پیادە دەکرێت کە زمان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، بەرجەستەتر دەبێت، بە تایبەتی لە پەیوەســـت بە حەقیقەتی بەرهەمهاتووەوە

سـەبارەت بە خود. بۆ نموونە لە شـیعرەكانی (ئەحـمەد)دا خـودی كـوردی و دەركەوتە ناسـیۆنـالیسـتیەكەی ڕەهەنـدێكی دونیـایی وەردەگرێت. "خۆبوون" قوڵدەبێتەوە و نەتەوە لە دەرەوی دەوڵەت سـیمایەكی زەینی وەردەگرێت. هەر چەنـدە چەمكی "كورد" و درەوشـانەوی پەیوەسـت دەكات بە خودئاگاییەوە، بەڵام لە جیهانی شـیعرەوە لە جیاتی بچێتە ناو "جیهانی-ژین"، دەچێتە نـاو جیهـانێكی خەیـاڵكرد و جوگرافیـایەكی بێـدەوڵەت بۆ كورد دروسـت دەكات. عەقڵانیەت بە مانا كانتیەكەی كە هەمان ڕۆشـنگەری و خود-موختـارییە لای ئەحمەد بوونی هەیە، بەڵام كـاتێ جیهـانی نـاوەكی واتە شـیعرەكانی و جیهانی واقعی دەرەكی یەكانگیر نـابن، بەرەو نیهیلیزم دەچێـت. هەر بۆیە خودی گەڵاڵەبووی كوردی یەكنـاگرێـت و نـاپەڕێتەوە بەرەو نێوانخودی و ئەمەش سیاسـەتی ڕادیكاڵی كردەی ئەو «لێ نـاكەوێتەوە، چونكە نـابێتە reactionتاكانەی كە كارلێكی هاوبەشیان هەیە، بۆ تێگەیشـتن لە جیهان و پەیوەندییەكی نێوان كەسـێتیی relation interpersonally یـان . (هـابرمـاس، ١٣٨٤، ٦١١) واتە جیهـانی »هەیە

زهنی و خودی جیهــانی بــابەتی و نێوانخودی دادەپۆشێت و دواجار بەسەر خۆیدا دادەخرێت. (قانع) بە مانایەک هەنگاوێک لە سیاسەت نزیکە بەپێی تیۆریی هابرماس، کاتێ ســیاســـەت وەک کردە و شــۆڕشــێکی ڕادیکاڵ دەبینێت و خەباتی چینــایەتی و ململانێی نــاوەکی کۆمەڵگــا وەک بزوێنەری ســـــەرەکیی گۆڕانکـاری دەخـاتەڕوو. بەڵام لە جیاتی پەڕینەوە بەرەو جیهانی نێوانی و ســـیاســـەت، تێزەکانی پەیوەندییەکی شـــێواو دەخەنەڕوو. لە جیهانی شـیعری و ئاگاییی خۆیدا خەریـکی کـۆلاژی مـێژوو و جـوگـرافـیـایەکـی خەیـاڵکردە کە دەتوانێ لە ئـاســـتێکدا نەتەوەی لەسەر بونیاد بنێت، بەڵام کردە کە هەمان شۆڕش و ڕاپەڕینە دژی جەهــل و بێئــاگــایی، دواجــار نیهیلیزم و دژە-چـالاکی بەرهەم دێنێ لە جیـاتی ئەکتی سیاسی.

هــابرمــاس "عەقڵی پەیوەنـدیکـاری" دەخــاتە بەرانبەر هزری نـاوەکیی نـاڕوون واتە «هزرێکی دەروونخواز، کە پەیوەنــدییەکی تۆکمەی لەگەڵ وجوودێکی ڕەمزاویدا هەیە و لە دۆخێکی تایبەتیدا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی دەســتڕاگەیشــتن بە

هەندێ حەقیقەت کە لە ڕووی میتافیزیکییەوە لە قوولێدان و شـــــاراوە و نێژراون». (هابرماس، ١٣٨٤، ٦٢٠) ئەمە بە باشـترین شـێوە لە جیهانی ناوەکی شـیعریدا دەردەکەوێت، چونکە هەم زمان و هەم ئاگایی و هەم ئەو ڕاستییانەی بەرهەمیان دێنیت مەرج نییە هاوجووت بێت لەگەڵ جیهانی نێوان خودەکـان. بۆ نموونە پەیوەنـدیی نێوان زمان و ئاگاییی نەتەوەیی و جیهانبینیی بێکەس لە چوارچێوەی چەمکی "ڕاپەڕین" و "خۆبینین" لە بەرانبەر "ئەوی تر"دا بەرجەسـتە دەبێت، پارچە پـارچەبوونی کورد لە واقیعـدا بووەتە هۆی ئاگایییەکی شـێواو. بێکەس سیاسـەت وەک کردە سـەیر دەکات و نەتەوە لە ئاگاییدا وێنا دەکات کە پێویسـتە خود-ئاگا بێت بە سـەردەمی خۆی. عەقـڵانـیەت و ئەخـلاقـیەت وەک بـنەڕەتـی سیاسـەتێکی نوێ دەبینێت کە زانسـت پشـتیوانی بکات. ئەگەرچی بێکەس کردە دەخاتە پێش شیعر، بەڵام ئەمە هەر لە جیهانی خودییدا ڕوو دەدات.

بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیەی فەلسـەفەی خود-ئـاگـایی یـان "خودی"، واتە پەیوەنـدیی خودێکی سـەربەخۆ کە بکەری ناسین و پراکسیسە لەگەڵ

خۆیـدا، مۆدێلی لێکتێگەیشـــتنی نێوانخودی ئەم بنەمایانە دەخاتەڕوو: ١- دانپیانانی دوولایەنە و ڕەخنە لە تـاکڕەهەنـدی عەقڵی خودی. واتە؛ ٢- ئـاگـایی دەبێ بە هۆی فرەڕەهەنـدی عەقڵییەوە پەیوەندی بە جیهانەوە بکات و بەم جۆرە ٣- تاک وەک بکەری خـاوەن حەقیقەت، نـاتوانێ خۆی لە چوارچێوە نـادیـار و بـان هزرییە گومڕاکەرەکـان ڕزگـار بکـات. هەر بۆیە عەقڵی هەمەکی دەبێتە ئەلتەرناتیڤ و ئەمەش واتە هەر قسـەکەرێک یان خودێکی عاقڵی خاوەن پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە خۆی -لە قســـە و کردەدا- بەیـان دەکـات، شـــوێنگەکەی گۆڕانی بە ســـەردا دێت و چیتر شوێنگەکەی کەسی هەموو شتزان نییە، هابرماس لێرەدا جێگەیەکی گرنگ دەبەخشـــێت بە "گوێگر" یان "بەردەنگ"یان "قســـە بۆ کراو" و یان لێردەدا "نەتەوە" لەم پەیوەندییە نێوانخودییەدا بەردەوام وجودی نوێدەکرێتەوە. لێرەوە پێویســـتە جیهانی شـــاعیران و تاکەکان یەکانگیر بکرێت و بەرز بکرێتەوە بۆ سـیاسـەتی نێوانخودی و هەر سـێ ئـاســـتی «پەیوەندیی نێوان جیهانی "بـابەتی" و جیهـانی "کۆمەڵایەتی" و جیهـانی "زەینی"». (هـابرمـاس، ١٣٨٤، ٦٢٤) لەخۆ بگرێت. بەم جۆرە

سیاسەت بنەڕەتێکی تۆکمە بۆ حەقیقەت و تێگەیشتن لە واقیع و خودی نەتەوە بەرهەم دێنێت. ئەم عەقڵە نێوانخودییە ڕایەڵەیەکی تۆکمە لە نێوان مانا و مسداقیەت دروست دەکات و لایەنەکانی پەیوەندی دەتوانن لە ڕێگەی زمان و هزری هاوبەش و زهنی خۆیان ماناکان ئاڵوگۆڕ بکەن و ڕێسا و بنەماکانی جیهانی نێوان خۆیان دروست بکەن کە بۆ هەموویان شیاوی لێکتێگیشتن و لە ڕاستیدا بەرهەمی عەقڵی هەمەکییە و سیاسەتێکی دیموکراتیکی لەسەر بونیاد دەنرێت.

## 2-3-2-3- بەرەی نێوانخودێتی کوردی

ئەگەر هەر وەک ئەندرسن ئاماژەی بۆ دەکات ناسیۆنالیزم ڕابوونی نەتەوەکان نەبێت بۆ دەرککردنی "خود" بەڵکوو نەتەوەکان لە هیچەوە دروست بن. (اندرسن، ١٩٩٩، ١٤) یان هەروەک گیلنەر ئاماژەی بۆ کردووە ناسیۆنالیزم نەتەوە بەرهەم بێنێ. (اندرسن وجیلنر،١٩٩٥، ٣٧) یان بەپێی تیۆریی هۆبزباوم دەوڵەت/نەتەوە لە سەر

ناسیۆنالیزم بونیاد نرابێت، دواجار گەڵاڵەبوونی خودی نەتەوەیی، لە ڕێگەی زمان و ئاگاییەوە بە سیاسی دەکرێت و فۆڕم وەردەگرێت و بەردەوام بەرهەم دێتەوە.

کەواتە ناسیۆنالیزم هەم ویستی دەسەڵاتی خۆجێیە، هەم کۆکەرەوەی شوناسێکی کۆنکرێتی، کە بنەڕەتێکی ویژدانی هەیە کە دەکەوێتە سەرووی فۆڕمی خاکێکی دیاریکراوەوە، یان خاکێکی دیاریکراو بە ئایدیالیزە دەکات و گوتارەکەی لەسەر بونیاد دەنێت کە تێیدا هەوڵ دەدات "ویست" و یادەوەرییەکی پڕ لە شانازی و ئەفسانە کە بە ئاراستەی چارەنووسی هاوبەشی ببات، بە تایبەتی لە بەرانبەر "ئەوی تر" کە زۆرتر وەک دەستدرێژیکار وێنا دەکرێت. بەشێکی زۆری ئەم ڕەوتە کە ڕەوتی مێژووی هەڵپێکانی ئاگایی نەتەوەییە لە ناو کورددا، لە ڕاستی ژێدەرەکەی خودێتی شاعیرەکان پیشەنگەکانمانە.

بۆ دەرچوونی لە ئاگایی خود-سەنتەر و شاعیرانە، دەبێت سیاسەت وەک گفتوگۆی کراوە و دەزگا هاوبەشەکان و "بەرەی هاوبەشی نەتەوەیی" سەیر بکرێن و چیتر سیاسەتی

بونیـادنـانی نەتەوە و دەوڵەت وەک هەڵچوونی نەســتی کوردی و وەک خەون خۆی دەرنەخات. ئەگەر شـــۆڕ بینەوە ناو ناخودئاگای تاکی کورد بۆمان دەردەکەوێت، هەموو هەوڵێک بۆ بونیانانی دەوڵەت و نەتەوە وەک گەمەی زمانی و دەرچوون لە واقیع هەنووکەیی سەیر بکرێت. لە خۆڕا نەبوو مام جەلال سـکرتێری گشـتی یەکێتیی نیشـتمانی کوردســتان و ســەرۆکی پێشــووتری عێراق لە گۆڤاری دێرشـپیگلی ئەڵمانی و ئاکشـەمی تورکی وتبووی «کوردســـتـانی ســـەربەخۆ خەونی شـاعیرانەیە» وەک داکۆکیکردنێک لە سـیاسـەتی واقعی. ئەمە لە ڕاســتیدا ڕازیبوونە بەو جیهانەی کە زمان و ئاگایی هەنووکەی ســـەپاندوویانە، دەتوانین ئاراســـتە پێچەوانەکەشـــی گەشـــە پێ بـدەین، واتە وەک جەمـال نەبەز ئـامـاژەی بۆ کردووە، واقیع چەمکێکی گۆڕاوە و تەنـانەت ئەرکی سیاسەت گۆڕینی خەونە بۆ واقیع. (نەبەز، ٢٠٠٥، ٣)

ئەمە ئەگەر لەسەرێکەوە پەیوەست بێت بەوەی کە «بیری دەوڵەتی ناســیۆناڵی کورد لای هوردە بـۆرژوای کـورد و ڕێـکـخـراوەکـانـی (پـارتە

سیاسییەکان) بیرێکی یەکجار لیڵە و لە هەڵوێستێکی تەماوی و دوولایەنەی هەلپەرستانەدایە». (نەبەز ،٢٠٠٢، ١٣٧) هاوکات پەیوەندیدارە بەوەشەوە کە سیاسەت پێویستە ببێت بە ئاگاییی دەستەجەمعی بۆ دیزاینکردنەوەی واقیع لە پرۆسەیەکی نێوانخودی کە لەسەر دامەزراوە بونیادنرابێت و پێویستە کردە و کارلێک بنەڕەتی بێت نەک دروشم یان پەنابردنەوە بۆ ناو جیهانی میتافۆڕ. هەروەک چۆن عوسمان بایدەمیر پەرلەمانتاری هەدەپە لە وەڵامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا لە بەرسڤی پرسیاری کوردستان لە کوێیە: وتی لە دڵمدایە. (بایدەمیر، ٢٠١٨)

ئەگەر زمان و دواتر توخمەکانی تری وەک خاک و کولتور، ڕەگەزی جیاکەروەی نەتەوە بێت، ئەوا "ویست"ی ڕژدە کە نەتەوە بونیاد دەنێت چونکە بەر لە "خۆبوون" لەسەر " بە ئەوی تر" نەبوون دامەزراوە. ئەم ویستە کاتێ ڕەهەندێکی عەقڵانی- کۆگەرا وەردەگرێت دەبێتە دیزاینەر و پارێزەری شوناس و بوونێک کە بەردەوام هەڕەشەی سڕینەوەی لەسەرە. کاتێ لە ئەدەبیاتی

سیاسیی پارتەکانی کوردستاندا پاشگری "کورد" دەسڕێتەوە و ئێران و عێراق و تورکیا و هەندێ جاریش کوردستانی بەگەل دەکەوێت، گوزارشت لە پاشەکشێیەکی هزری دەکات. ئەم جێگۆڕکێیە، ئەگەر لە لایەک پەیوەست بێت بە نەبوونی شوێنگەیەک لە سیاسەتی جیهانیدا بۆ "بوونی کورد"، لە ڕاستیدا نیشانەی باڵادەستی گوتاری خودگەرایی شێواوی نەتەوەییە و پەککەوتنی دامەزراندنی ئاگاییەکی نێوانخودییە. هەر بۆیە حزبی دەسەڵاتگەرا لە هەموو کوردستان دەبێت بە بونیادی باڵادەست و "بەرەی" نەتەوەیی کە دەشێت ببێتە پانتاییەکی نێوانخودی بۆ پڕۆژەی بونیادنانی نەتەوە/ دەڵەت لە دونیای سیاسی کورد بەرەو پەراوێز دەچێت.

**دەرەنجام**

ئاگاییی تاک لەمەڕ خۆی و جیهان پەیوەستە بە زمان کە فۆڕمێکی لۆژیکی هەیە کە دونیابینیی تاک دادەڕێژێت و لە ڕێگەیەوە دەتوانێت "خۆی" و "ئەوی تر" بناسێت و بەمەش مەعریفەی خودی بەرهەم دێنێت کە جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان واقیع و بیردا دروست دەکات. کێشەی "من"ی میتافیزیکی دیکارتی وەک بنەڕەتی بوونی خودێکی ئۆتۆنۆم، کاتێ لە بازنەی داخراوی خۆی دێتەدەر، دەپەڕێتەوە ناو پانتاییی کۆمەڵگا و سیاسەت. تێزی کارلێکی interaction هیگڵ لە پەیوەندیی نێوان "من" و " ئەوی تر" دەرگا بەسەر کێشەی "خود-سوبێکت" دەکاتەوە بۆ دەرچوون لە خودگەراییە و هابرماس ئەمە لە تیۆریی پەیوەندیی نێوانخودێتی بەکار دێنێت کە پەیوەندییەکی نێوانی دروست دەکات کە دانپیانان بنەماکەیەتی و دەشێت مانا و حەقیقەت و دیزانکردنەوەی واقیع لە ڕێگەی زمان و لێکتێگەیشتنەوە بەرهەم بێنێت. ئەو مەعریفەیەی خود بەرهەمی دێنێت سەرەڕای داهێنەرانەبوون و دەگمەنەیەکەی، کاتێ دەبێت بە هاوتای

مەعریفەیەکی خودان مســـــداقیەتی زانســـــتی و دەشێت حەقیقەتی لەسەر ڕۆ بنرێت کە بچێتە ناو پەیوەندییەکی نێوانخودی.

ئاگایی نەتەوەیی بەرهەمی کارلێکی زمانە بۆ دروستکردنی مانا و شوناسی کۆیی و "خود" لە ئاســـتی هەمەکیدا نمایان دەکات. ســـیاســـەت دەتوانێت هەم ئەم خودە بەرە کامڵبوون ببات و بیگۆڕێت بۆ "نەتەوە" و لە چوارچێوەی کیانێکدا ڕێکی بخات و هەم دەشـــێت تووشـــی شـــێواوی بکات. نەتەوە بەر لەوەی بوونی خەڵکێک بێت کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەر بە یەک ڕەگەزن، بوونێکی ڕوحی و ویژدانییە کە زمان ئاگاییەکەی گەشە پێ دەدات و عەقڵی هەمەکی یان سیاسەت دەتوانێ یەکانگیری بکات و مانای پێ ببەخشـیت، لە میانی ئەفســـانە و نەریت و یادەوەری بە ناو مێژوودا گوزەری پێ بکات.

لە ڕەوتی ســـەرهەڵدانی ناســـیۆنالیزمی کوردی وەک ڕاڤەی خودی نەتەوە، شـیعر یەکێکە لە پایە گەورەکانی ئاگایی کورد ســـەبارەت بە "خۆی" و ئەو ئایدیا و دیدگایەی لە شیعردا بەرهەم هاتووە، بە شـــێوەیەکی ئەبســـتراکـت لە چوارچێوەی

خودێتی و تەکنیک و قاڵبەکاندا گۆڕاوە بۆ جۆرێک لە مـۆنـۆلـۆگ و هەر بـۆیە هەرچەنــدە پـرۆژە نـاســـیۆنـالیزمی شـــیعر ئەگەرچی بە گوتـاری ئـازادیخوازی و گەلاڵەکردنی خودێکی جیـاوازی نەتەوەیی دەسـتی پێ کردووە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەرەو ڕەشـــبینی ڕۆیشـــتووە. ئەم چـالاکییە هزرییە ڕەهەنـدێکی مێژووی هەیە کە کاریگەری لە سەر ئاگایی سیاسیی کورد داناوە، شـــاعیرە پێشـــڕەوەکانی کورد کە لە ڕاســـتیدا تیۆریســـیەنی ناســـیۆنالیزمی کوردن، شـــیعرە نەتەوەیی و نیشـــتمـانییەکـانیـان بە تـایبەتی لە سـەرەتای سـەدەی حەڤدە تا ناوەڕاستی سـەدەی بیست، دەبێت بە ژێرخانی گوتاری ناسیۆنالیستی و سـیاسـەتی لەسـەر دادەمەزرێت، بەڵام هاوکات تووشـــی دوو ئاســـتەنگ دەبێت؛ لە ئاســـتێکدا ناســـیۆنالیزمی شـــاعیرانەی کورد لە نێوان لە سـنووری جیهانی زاتی شـاعیر و دونیابینییەکەی سنوور و قاڵبە شیعرییەکاندا گیر دەخوات.

پـــرۆژەی دەوڵەت/نەتەوە وەک دەرکەوتەی مۆدێرنی ئـاگـایی لای خـانی وەک پرۆژەیەک ســـەرهەڵدەدات و تێیدا دەوڵەت هۆکار و نەتەوە

بەرەنجــامە و لای حــاجی پێچەوانە دەبێتەوە، نەتەوە بوونێکی پەرت و بێ قەوارەی هەیە و دەوڵەت فۆڕمی پێدەبەخشـــێت و دەیپارێزێت و دەیخـاتە نـاو جیهـانەوە. ئەم پرۆژەیەی ئـاگـاییی کوردی لای خانی بە تراژیدیا و لای حاجیش بە تەواونەکراوی دەمێنێتەوە. لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـــتەم لای ئەحمەد موختـار دەوڵەت بەرەوە ئاوابوون دەچێت و چەمکی نیشـــتمان و خاکی کـوردان جـێـگەی دەوڵەت دەکـرێـتەوە لە نــاو جوگرافیایەکی خەیاڵیدا و دواجار بەرەوە نیهیلیزم دەچێت. لای قانع، دەوڵەت/نەتەوە بایەخی خۆی لە ژێر هەژموونی چەمکی ململانێی چینەکـان و نـاچونیەکی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواری ون دەکـات و دواتر لای ئەویش بە نیهیلیزم کۆتـایی دێت. ئەمەش نیشـــانەی پاشـــەکشـــێی پرۆژەی دەوڵەت/نەتەوە یان هەمان دژنەری نێوان ئایدیای خودی ناو شـــیعرەکان و واقعی کۆمەڵگا. دواجار بێکەس پراکســـــیس یان کردە دەکاتە جێگرەوەی دروشـم، بەڵام هەر لە سـنووری شـیعر و هەمان ئاگاییی خودیدا دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ســـەرەتای پەڕینەوە بەرەو ســـــیـاســـــەتی نێوانخودی. لە ئاستێکی تریشدا سیاسەتی کوردی کە ڕێکخراو

و پارتەکان جڵەی دەگرنە دەســـت، تەنانەت ئەم ئایدیا خودیانەش کە خۆی لە پرۆژەی دەوڵەت و بونیـادنـانی نەتەوەدا بەیـان دەکـات، نـاکەن بە بەرنامەی سیاسـی و لە ناو سیاسـەتی ڕۆژدا لە ململانێ دەکەونە ململانێ لە نیوان خۆیـان زۆر زیاتر لە دژایەتی یان دیالۆگ لەگەڵ ئەوی تر.

نـاســـیۆنـالیزم وەک گوتـاری بزووتنەوەیەکی خـود-ئـاگـا بە خۆی کە گەرەکیەتی فۆڕم و نـاوەرۆک بە کیـانێکی زمـانی و ڕوحی لەســـەر خـاکێکی دیـاریکراو یـان نیشـــتمـانێکی ویژدانی ببەخشـــێت، لە هزری کوردیـدا لە ســـنووری خودێتی شـاعیرەکاندا دەمێنێتەوە و مانا و هزری ئازادیخوازی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕیتۆریکا و قاڵبە ئامادەکان. بۆ ئەوەی ســیاســەت بە مانا ڕادیکـاڵەکەی یـان نێوانخودی بەرهەم بێـت و بتوانێ ئەو پەیوەندییە زاڵەی کە بەســەر کوردیدا سەپاوە تێک بشکێت و لە فۆڕمی نەتەوەدا خۆی دەربخات، پێویستە ببێت بە سیاسەتی نێوانخودی و دیـالۆگی نیوان خودە ئـازادەکـان، ئەمەش واتە "بەرەیەکی نەتەوەیی" کە دەکەوێتە سەروو فۆڕمی

باڵادەســـــت حزبایەتی کە هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی دیفاکتۆدا خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

**پەراوێز:**

* ماموٚستا مەسعود محەمەد لە وردبوونەوەیەکی قووڵی فەلسەفی پێیوایە لە کۆندا، ژیانی مەعنەوی و عەقڵی کە تەواوکاری ژیانی مادییە و کاکڵی کوردبوون پێک دێنێت لەســـەر چوار پایە دامەزراوە: یەکەم؛ مەلایەتی و زانســـتی ڕووت، دووەم؛ شێخایەتی و تەریقەت، سێیەم؛ ئەدەب و چوارەم؛ فۆلکلۆر و بەیت و گۆرانی و پەند و مەتەڵ. (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٧٨)

**سەرچاوەکان:**

**کوردی**

**کتێب:**

ئەحمەد، موختار جاف (١٩٨٦)، عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، چاپخانەی الادیب، بەغدا.

ئەریستۆ (٢٠٠٩)، شیعر (پۆیەتیکا)، و: محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

بێکەس، فایەق (٢٠٠٥)، دیوانی فایەق بێکەس، ئا: ئومید ئاشنا، دەزگای بلاوکردنەوەی ئاراس.

جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

حاجی قادری کۆیی (١٣٩٠) میران، سەردار حەمید و شارەزا، کەریم موستەفا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە.

خانی، ئەحمەدی (٢٠٠٨)، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی هەژار، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

دڵدار، یونس، (٢٥٧٣) دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٤)، هاوکاتی و هاوشوناسی؛ خوێندنەوەیەک بۆ مانای "کات" لە شیعری حاجی قادری کۆیی دا، دەزگەها سپیریێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک.

عەلی قادر، خانزاد (٢٠١٢) زمانی شیعری: حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

قانع، (٢٠١٤) دیوانی قانع: شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٥)، ناسیۆنالیزم و سەفەر: کورد لە دیاسپۆرا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، سلێمانی.

مەکیاڤیللی، نیکۆلۆ،(١٩٨٢)، میر، و: حسین عارف، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغداد.

محەممەد، مەسعوود، (٢٠١٠) کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

محەمەد، مەسعود، (١٩٧٣) حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣.

محەمەد، مەسعود، (١٩٧٤) حاجی قادری کۆیی، بەشی دووەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣.

مەلا کەریم، محمدی (٢٠٠٨) دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆیەوە، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

نەبەز جەمال (٢٠٠٢)، بیری نەتەوەییی کوردی، چ ٢، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، لەندەن.

نەبەز، جەمال (١٩٨٥)، دۆزی ناسیۆنالی کورد، بنکەی ئازاد، ستۆکهۆڵم.

نەبەز، جەمال (٢٠٠٨)، کۆبەرهەرهەم ژمارە ٨، وشەنامەیەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەم ئیلکترۆنی، ماڵپەڕی کوردبوون.

نەبەز، جەمال (١٩٨٦) پێوەندارێتی کوردی: کورد کی یە و کوردبوون مانای چیە؟ بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم.

هێمن (٢٠٠٣) بارگەی یاران، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

هێمن، (٢٧٠٨) دیوانی هێمن موکریانی، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی.

وەلی، عەبباس، (٢٠٠١)، کوردەکان و ئەوانی تریان: هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچەبوو، و: نەزەند بەگیخانی و هاشم ئەحمەدزادە، ناوەندی ڕەهەند، سوئید.

## گۆڤاری زانستی:

عەلی، بەختیار (٢٠٠٥)، قانیع و سەرەتای سەرهەڵدانی مۆڕاڵی ناسیۆنالیستی دەستنیشانکردنی تەوەرەکان سەردەمی ڕەخنە، ژمارە ٢، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

ڕەفیق، فارووق، (١٩٩٧) ناسـیۆنالیزم/کوردایەتی: بەرەو پاردایمی نویێ، گۆڤاری ڕەهەند، ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ســـتۆکهۆڵم ، ژمارە ٢، ١٩٩٧.

ریێنان، ئیرنست، (٢٠٠١)، نەتەوە چییە، و: حەسەن قازی، ڕەهەند، ژ، ١٢-١٣، ستۆکهۆڵم.

**رۆژنامە:**

،حەمە سەعید حەسەن، )٢٠٢٢ (دەربارەی شیعر ڕ،ۆژنامەی هەولێر، ژ :٣٨٩٩ ڕ ێکەوتی ٢٠/٨/٢٠٢٢ ل ١٠.

نەبەز، جەمال (٢٠٠٥)، ڕۆژنامەی میدیا، ژ،ارە ١٩٩، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٧/١٢.

**سایت:**

بایدەمیر، عوسمان، بەهۆی ناوهێنانی کوردستان مووچەبڕ کرا. ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٢/٢/٢٤

https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/16012018

سـەجادی، بەختیار، زمانی کوردی و ناخودئاگای سوژە، ڕێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٣/٢/٢

https://hawcharkh.net/18/05/2020/1239/

**کتێبی عەرەبی:**

ادونيس، (١٩٨٧)، مقدمة لشعر العربي، دار العودة، ط ٣ ، بيروت.

ارسـطوطاليس (١٩٥٣) فن الشـعر، ت: عبد الرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

أفلاطون (١٩٩٤) المحاورات الكاملة، ت: شـــوقي داود تمراز، الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت.

افلاطون (٢٠١٧)، ت: فؤاد زكريا دراسة والترجمة، مؤسسة الهنداوي، المملكة المتحدة.

الحصـــري، ســـاطع، (١٩٨٧) حول القومية العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

اليوسف، سمير (٢٠٠٧) حكاية افلاطون والشعراء، دار الفارابي، بيروت.

اندرسن وجيلنر و الاخرون (١٩٩٥)، القومية: مرض العصر ام خلاصه، دار الساقي، بيروت.

اندرسون، بنديكت، (١٩٩٩) المجتماعات المتخيلة، ت: محمد الشرقاوي، المشروع القومي للترجمة، القاهرة.

انيس، ابراهيم (١٩٧٠٩) اللغة بين القومية والعالمية، دار المعارف، القاهرة.

جنفياف، ڕوديس لويس (١٩٨٨) ديكارت والعقلانية، ت: عبدة الحلو، منشورات عويدات، ط٤، بيروت-باريس.

جوزيف، جون (٢٠٠٧) اللغة واللهوية، ت: عبد النور خرافي، عالم المعرفة، الكويت،

سعيد، توفيق، (٢٠٠٢)، في ماهية اللغة وفلسفة التأويل، المؤسسة الجامعية، بيروت.

عادل، مصطفى (٢٠٠٧) فهم الفهم: مدخل الى هيرمنيوطيقا، ڕؤية للنشر والتوزيع، القاهرة.

فوكو، ميشيل (١٩٩٠)، الكلمات والاشياء، ت: مطاع الصفدي والاخرون، مركز النماء القومي، بيروت.

قطوس، بسام موسى (٢٠٢١) الفلسفة والشعر: أي علاقة؟ وزارة الثقافة، عمان.

مكاوى، عبد الغفار (٢٠١٧) شـعر وفكر: دراسـات في الادب والفلسـفة، مؤسـسـة الهنداوي، المملكة المتحدة.

هابرماس، يورغن (٢٠٠١)، المعرفة والمصلحة، ت: حسن سقر، منشورات الجمل، كولونيا،

هـابرمـاس، يورغين (١٩٩٩) التقنيـة والعلم كـأيـديولوجيـا، ت: اليـاس حـاجوج، منشـوارت، وزارت الثقافة، دمشق.

هايدغر، مارتن، (٢٠٠٣) اصـل العمل الفني، ت: ابو العيد دودو، منشورات الجمل، بيروت.

هبرماس، يورغن (٢٠٢٠) نظرية الفعل التواصـلي، عقلانيـة الفعـل وعقلنيـة الاجتمـاعيـة، ت: فتحي المسـكيني، المجلد الاول، المركز العربي للابحاث ودارسة السياسات، الدوحة.

هرتز، فردريک (٢٠١١) القومية في السياسة والتاريخ، ت: عبدالكريم احمد، وزارة الثقافة، القاهرة.

هوبزباوم، اريک، (٢٠١١) عصر الامبراطورية، ت: فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

هوبزباوم، اريک، (٢٠٠٧) عصر الثورة، ت: فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

هوبزباوم، اريک، (٢٠٠٨) عصر ڕأس المال، ت: فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

هيجل (٢٠٠٧)، موسوعة العلوم الفلسفية، ت: امام عبد الفتاح امام، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت.

**فارسی:**

اباذری، یوسف، (١٣٨٩) خرد جامعه‌شناسی، تهران، نشر طرح نو.

افلاطون (١٣٨٠) (دوره‌ء آثار)، جمهوری، ت: محمد حسن لطفی، جلد دوم، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، چ ٣، تهران.

باربییە، موریس (١٣٨٦) مدرنیتەی سـیاسـی، ت: حبدالوهاب احمدی، نشر آگە، تهران.

ریتزر، جورج، (١٣٩٣)، نظریە جامعەشـناسـی،ت: هوشنگ نایبی، تهران، نشر نی.

میلر، پیتر(١٣٨٤) سوژە، استیلا و قدرت، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیدە، نشر نی، تهران.

هـابرمـاس، یورگن، (١٣٨٦) کنش ارتبـاطی، (دو جلد) ت: کمال پولادی، موسـسـه انتشـاراتی ڕوزنامە ایران.

هـابرمـاس، یورگن، کهون، لارنس، (١٣٨٤) از مدرنیسـم تا پسـت مدرنیسـم، متن های برگزیدە، ویراستار عبد الکریم ڕشیدیان، چاپ ٤، نشر نی، تهران.

وایـت، ویلیـام اوث (١٣٩٣)، هـابرمـاس:معرفی انتقادی، ت: لیلال جوافشـانی و حسـن چاوشـیان، نشر اختران، تهران.

## گۆڤاری زانستی

حاجی بیگلو، (۱۳۹۷) محمدهادی و مسگری، احمد علیاکبر، نسبت زبان و منطق در فلسفه هگل، فلسفه، سال ٤٦ ، شماره ۲، پاییز و زمستان.

ذاکری، مهدی و حسینی ، سید مصطفی، (۱۳۹۳)، سرل و مسئله آگاهی، فصلنامەی علمی پژوهشی فلسفه و الاهیات، سال ۱۹، شماره ۱، بهار، تهران.

فرجی، علیرضا و کریمی، عظیم (١٤٠١) بررسی و تطبیق نقش زبان در اندیشة هوسرل و ویتگنشتاین، دوفصلنامة علمی پژوهشهای مابعدالطبیعی، سال ۳، شماره ٥، بهار و تابستان، دانشگاه خوارزمی.

**ئینگلیزی**

Habermas, Jurgen (1973) Theory and Practice ,Translated by Jhon Viertel ,Beacon press, Boston.

Habermas, J. (1984). the theory of communicative action vol. London: Heine man.

Hobsbawm, Nation and Nationalism, Cambridge University press, 1990.

Jürgen Habermas, (1996) Between Facts and Norms: Contributions to a Discourse Theory of Law and Democracy, Translated by William Rehg, MIT Press, Cambridge.

Welton, Donn. (1999) The Essential Husserl. Basic writing. Intranscendental phenomenology. Indiana university press, New York.

## القومية الشعرية:

## من الوعي-الذاتي القومي إلى بين الذاتية السياسية الكوردية

د. ادريس شيخ شرفي

مدرس في كلية العلوم السياسية

جامعة صلاح الدين

Idrees.mustafa@su.edu.krd

تبحث دراسة القومية الشعرية في تجلي الوعي_الذاتي الكوردي في سياق تاريخها السياسي، حيث جسدت حول اعطاء المعنى للوجود والهوية الكوردية في دواوين الشعرالكردية. فالشعراء المخضرمين الأوائل من امثال (احمد الخاني، حاج قادر الكوئي، احمد مختار الجاف، قانع و فائق بيكس) كان لهم الفضل في ابراز القضية القومية بالنمط الشعري، ويعدون من بين ابرز المؤسسين للوعي الذاتي الكوردي ومشروع تسيس اللغة الكوردية، فقد حاولوا جاهدا من خلال ابياتهم الشعرية تغيير الواقع الذي فرض نفسها وتمظهر بذاته كأنه الحقيقة. هذا

الواقع المظهري بحسب منظور شعراء القومين الكورد السياسي، ناتج عن الخطاب "الآخر" المهيمن سياسيا على كوردستان ، وعليه فقد دعوا الى النهضة من الغفلة التاريخية التي تتجذر في الثقافة الكوردية.

على الرغم من ابداعاتهم الشعرية، في ما يخص وعيهم وادراكهم بالزمن والوجود السياسي للكورد في التاريخ، إلا انها تتداخل في اشكالية الفلسفة الذاتية، احدى الاشكاليات التي برزت بشكل اساسي في هذا المنظور وخاصة ضمن اطار عملية تأسيس القومية الكوردية، تكمن في تذويبيها في فلسفة الوعي، حيث تنغرق فيها الذات العارفة في تأمل وتأويل ذاتها وعالمها بمعزل عن الاخرين، وهذا بحد ذاتها تتجه إلى الحوار الباطني او المونولوج والانغلاق على ذاتها.

فهذه الاشكإلية تتشابكت وتعقدت في اعلى مستوياتها، فعندما تؤسس الوعي الذاتي حول وجود القومي على اللغة الشعرية والتقنيات وتعيناتها المسبقة، تنتج عنها الهيمنة الشعرية، قولبة الفكر وهذا يؤدي إلى غلبة إلاطارات

الحاضرة مسبقا وتشويه العلاقة بين اللغة والفكرة والواقع.

في مسـيرة مشـروع القومية، إي خلق الامة والدولة في سـياقها الكوردي، واجهت الحركة القومية اشـكإلية الانغلاق الفضـاء البيني وعدم اكتمال عملية تأسـيس المشـتركات وإلارادات الحرة، وهذا ما قادت إلى ظهور الأحزاب السلطوية، تشتت معها الهوية والانتماء الكوردي أكثر فأكثر، بدلاً من ظهور "جبهة وحدة القومية" التي من المفترض أن تكون الامة التي تعد النواة الاساسية لتأسيس الدولة ضمن الغاية النهائية.

للخروج من هذا المأزق، تطرح فلسفة بين الذاتية حسـب منظور الفيلسـوف يورغن هابرماس ، مخرجا إلى سـياسـة التداولية التي تتأسـس على الحجج واللغة المشـتركة والحوار، بأتجاه الفعل والثورة وخروج من امر الواقع.

تتكون البحث من فصـلين، ففي الفصـل الأول تطرقنا إلى مشـكلة الوعي الذاتي في اطار اللغة الشـعرية، ثم بحثنا في القومية كمقاربة لتأويل الذات. أما في الفصـل الثاني فقد ركزنا على

القومية الشـــــعرية الكوردية، و من بعدها طرحنا سـياسـة بين الذاتية كمدخل للخروج من الفلسـفة وسياسة الذاتية.

**الكلمات المفتاحية:** الوعي الذاتي، اللغة الشـــــعرية، الدولة/الامة، القومية، السياسه البين الذاتية

## Poetic nationalism:

## From national self- consciousness to Kurdish political intersubjectivity

Dr. Idrees shekh Sharafi /Lecture at the college of political sceice

Salahaddin University

Idrees.mustafa@su.edu.krd

The study of poetic nationalism examines the manifestation of Kurdish self- consciousness in the

context of its political history, as it was embodied in giving meaning to Kurdish existence and identity in Kurdish poetry collections. The first veteran poets, such as (Ahmedi Khani, Haji Qadiri Koyi, Ahmed Mukhtar Jaf, Qaani and Faiq Bekas) were credited with highlighting the national issue in poetic style, and they are considered among the most prominent founders of Kurdish self-awareness and the project of politicizing the Kurdish language. They tried hard through... Their poetic verses change the reality that imposed itself and appear in themselves as if they were the truth. This apparent reality, according to the political perspective of the Kurdish nationalist poets, results from the "other" discourse that politically dominates Kurdistan, and therefore

they called for a renaissance from the historical neglect that is rooted in Kurdish culture.

Despite their poetic creativity, with regard to their awareness and perception of time and the political presence of the Kurds in history, they are intertwined in the problem of self-philosophy. One of the problems that emerged primarily in this perspective, especially within the framework of the process of establishing Kurdish nationalism, lies in dissolving it in the philosophy of consciousness, Where the knowing self is immersed in contemplating and interpreting itself and its world in isolation from others, and this in itself leads to inner dialogue or monologue and isolation into itself. This problem is intertwined and complicated at its highest level.

When self-awareness about the existence of the national is based on poetic language, techniques, and their prior designations, it results in poetic hegemony, molding of thought, and this leads to the predominance of pre-existing frames and distortion of the relationship between language, idea, and reality.

In the process of the project of nationalism, that is, the creation of the nation and the state in its Kurdish context, the nationalist movement faced the problem of the closing of inter-space and the incompleteness of the process of establishing common interests and free wills, and this is what led to the emergence of authoritarian parties, with which the Kurdish identity and affiliation became more and more dispersed,

instead of the emergence of a "national front unit" is supposed to be the nation that is considered the basic nucleus for establishing the state within the final goal. To get out of this impasse, the philosophy of inter-subjectivity, according to the perspective of the philosopher Jürgen Habermas, proposes a way out to a policy of deliberativeness that is based on arguments, a common language, and dialogue, towards action, revolution, and an exit from the fait accompli. The research consists of two chapters. In the first chapter, we addressed the problem of self-awareness within the framework of poetic language, then we discussed nationalism as an approach to self-interpretation. In the second chapter, we focused on Kurdish poetic nationalism, and after that we

proposed the politics of intersubjectivity as an entry point out of philosophy and the politics of inter-subjectivity.

**Key words:** self- consciousness, poetic language, state/nation, nationalism, political

